## عەلی بەدرخان:

# کەسانی دەوروبەرم بە کوردی قسەیان نەکردووە، لەبەر ئەوە منیش نازانم بە کوردی قسە بکەم.



عەلی ئەحمەد بەدرخان دەرهێنەری میسری بەرە چەڵك کورد، یەکێکە لە نەوەکانی میقداد مەدحەت بەدرخان، کە ساڵی 1898 یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) لە قاهیرەی پایتەختی میسر بە چاپ گەیاندووە، ئەحمەد بەدرخانی باوکیشی لە ساڵانی ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو سەرۆکی سەندیکای هونەرمەندانی قاهیرەبووە و بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی سینەما و فیلمسازی میسری دەهێتە هەژماردن.

(عەلی بەردخان) خاوەن چەندان خەڵاتی فیستیڤاڵە سینەماییە جیهانی و عەرەبیەکانە ،ئێستاش سەرقاڵی پرۆژەی فیلمێکی سینەماییە لە کوردستان، سەبارەت بە مێژووی شۆڕشەکانی کورد لە بەشی باشوری کوردستان و ڕۆڵی بارزانی لەم شۆڕشانەدا، لە دیمانەیەکی تایبەتی گۆڤاری (کۆوار)، چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد. لە وەڵامەکانیدا هەستمان بە خوێنی کوردانەی ئەو کرد.

**هەڤپەیڤین: غازی حارس**

***ئەگەر لە خۆت بپرسن عەلی بەدرخان کێیە؟**

- عەلی بەدرخان دەرهێنەرێکی میسری بەڕەسەن کوردی جەزیرەی بۆتانە، کوڕی (ئەحمەد بەردخان) ە، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی سینەما و فیلمسازی لە میسر، من سینەمام خوێندووە لە پەیمانگای (محەمەد عەلی) بۆ سینما و فیلمسازی لە میسر، هەروەها خوێندنی سینەمام لە وڵاتی ئیتاڵیاش تەواو کردووە.. لە بواری فیلمی درێژ (**روايات طويلة**) کارم کردووە. هەروەها فیلمی تۆماری. لە چەندان ڤیستیڤاڵیشدا کۆمەڵێك خەڵاتم وەرگرتووە، کە خەڵاتی باشترین فیلم و باشترین دەرهێنان بوونە ، لەوانە خەڵاتی فیلمی (**شةفيقة و متولى**) لە ڤیستڤاڵی نانت و خەڵاتی دووەمیش لە ڤیستڤاڵی قورتاج، کە لە دەرەوەی میسر بوون، لە میسریش خەڵاتی دەوڵەتم وەرگرت، لە بواری داهێنان کە پێی دەوترێت (**جائزة الدولة للابداع و التفوق الابداعى**) ، ڤیستڤاڵی قاهیرەی نێودەوڵەتیش ڕێزی لێنام لە خولی(27) ی خۆیدا.

***منداڵی قۆناغێکی هەستیارەلە ژیانی هەرکەسێکدا، نەمازە کەسێك لە بواری هونەری کاربکات.. یادوەرییە شیرینەکانی( عەلی بەدرخان )چین، کە ئێستاش لە خەیاڵێدا دەزرنگێنەوە؟**

- بیروەرەییەکانی من زیاتر لەنێو ماڵی خۆماندا بوو، ئێمە ماڵێکمان هەبوو لە میسر، دەوروبەری زیاتر زەوی و زاربوو، منداڵم لە نزیك خۆم نەئەدیت تا یارییان لەگەڵ بکەم.. باوکم لە نێو ماڵی خۆماندا ستۆدیۆیەکی هەبوو، هونەرمەندان دەهاتن بۆ ئەم ستۆدیۆیە. هەر لەوێش بیری کامێرا و هونەر و وێنە گرتنم کەوتە مێشك، زۆربەی تەمەنی منداڵیم ژیانێکی پڕ بەختەوەری بوو.

***حەز ئەکەین باس لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆت بکەیت، مەبەستم ژیانی خێزانیت؟**

- من سێ کوڕم هەیە، گەورەکەیان ناوی(ئەحمەد) ە، سینەما دەخوێنێ و کاری گرافیك و وێنەی جولاو دەکات، ناوەنجیەکەشیان ناوی (موعتەسیم بیلا) یە و لە بواری ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنی و دەرهێنان دەخوێنی، بچوکەکەشیان ناوی (بەردخان)ە، جارێ لە خوێندنی ناوەندییە و خەریکە دەچێتە قۆناغی ئامادەیی.

***تۆ کە لە خانەوادەیەکی ناسراو و کورد پەروەریت، ئەویش خانەوادەی بەردخانیەکانە، نەنگی نییە، کە ناتوانیت بە کوردی قسە بکەیت؟.**

- بەداخەوە باوکم بە کوردی قسەی نەئەکرد، لە دەوروبەریشم کەس بە کوردی قسەی نەدەکرد، لەبەر ئەوە نازانم بە کوردی قسە

**بیروەرەییەکانی من زیاتر لەنێو ماڵی خۆماندا بوو، ئێمە ماڵێکمان هەبوو لە میسر، دەوروبەری زیاتر زەوی و زاربوو، منداڵم لە نزیك خۆم نەئەدیت تا یارییان لەگەڵ بکەم.. باوکم لە نێو ماڵی خۆماندا ستۆدیۆیەکی هەبوو، هونەرمەندان دەهاتن بۆ ئەم ستۆدیۆیە. هەر لەوێش بیری کامێرا و هونەر و وێنە گرتنم کەوتە مێشك.**

**پڕۆژەی فیلمەکەم لە مەڕ کاروانی تێکوشانی کوردە، کە کاروانێکی درێژ و نەبڕاویە، ئەم کاروانە زیاتر لە سەدەیەك و دووانە، من لە پڕۆژەی فیلمەکەم هەوڵمداوە کار لە سەر مێژووی هاوچەرخ بکەم.. کاروانی تێکوشانی خوالێخۆشبو و (مستەفا بارزانی)، نموونەیەکی ئەم تێکۆشانەیە**

بکەم، (بە پێکەنینەوە)، کتێبی(خۆت فێری کوردی بکە بە بێ ماموٚستا)م دەست نەکەوت، تا خۆمم فێری زمانی کوردی بکەم.. با نەگەڕێینەوە ئەو چیرۆکەی کە (ئەوەی ئەیەوێت فێرببێت، هەر فێردەبێت).

*** کە خۆشت ناتوانی بە کوردی قسە بکەیت هەوڵت نەداوە ، منداڵەکانت فێربکەی بە زمانی کوردی قسە بکەن و کوردانە پەروەردەیان بکەیت؟**

- ئەوەی راست بێت من بۆ خۆم زۆر بیر لەو مەسەلەیە دەکەمەوە، هەوڵیش دەدەم لە پشووی هاوینی خوێندنی ئەمساڵ، لەگەڵ خۆم بیناهێنم بۆ کوردستان، تاکو فێری زمانی کوردی ببن و ئاشنابن بە کولتوری کوردی، هیوام وایە بتوانم ئەمە بکەم.



*** ئەی سەروکارتان لەگەڵ دەرهێنان، ئەمیشیان رێکەوت بوو، یان ئارەزووی خۆت بوو؟**

- یاری کردنم لەنێو ستۆدیۆی باوکم لە ماڵەکەی خۆمان مەیلی بۆ ئەم کارە راکێشام، لە هەمان کات من سەرەتا بیرم لە دەریاوانی ئەکردەوە، حەزم ئەکرد بچمە کۆلیژی دەریاوانی و لەوێ بخوێنم، باوکیشم زیاتر لە بواری دەرهێنانی خزاندم.

*** وەك ئاگادارین تۆ بۆ پڕۆژەی فیلمێك هاتوویتە کوردستان ، ئەگەر لە بیرۆکەی فیلمەکەت بدوێیت؟**

- پڕۆژەی فیلمەکەم لە مەڕ کاروانی تێکوشانی کوردە، کە کاروانێکی درێژ و نەبڕاویە، ئەم کاروانە زیاتر لە سەدەیەك و دووانە، هەروەها تێکۆشەرانی پارچەکانی کوردستان یەکجار زۆرن، من لە پڕۆژەی فیلمەکەم هەوڵمداوە کار لە سەر مێژووی هاوچەرخ بکەم، لە نێوان ساڵانی 1920 تاکو ساڵی 1975. کە کاروانی تێکوشانی خوالێخۆشبوو (مستەفا بارزانی)، نموونەیەکی ئەم تێکۆشانەیە و گوزراشتە، لە قورابانیدانەکانی کورد لە نێوانی ئەم ساڵانەی کە ئاماژەم بۆکردن.

***لەم کاروانە تێکۆشانە دیاریکراوەی کە ئاماژەتان پێکرد، مستەفا بارزانیش ، وەك کارەکتەری ئەم قۆناغە، خوێندەوەتان بۆ کەسایەتی بارزانی چیە؟**

- کەسایەتی ئەم پیاوە، یاخود خوێندنەوەی من بۆ کەسایەتی بارزانی ئەوەیە، بارزانی کەسێکی خاوەن بڕاو و متمانە بووە و ویست و رەوشتی شۆڕشگێری لای ئەم مرۆڤە زۆر باڵا بووە، هەروەها دڵسۆزانە تێکوشاوە لە ژیانی خۆیدا، چونکە باوەڕی بەتینی هەبووە بە دۆزی میللەتەکەی، ئەمەش رەنگی داوەتەوە بەسەر ژیان و رەوشت و تیڕوانینەکانی. زۆر باشیش درکی بەوە کردووە، کە بۆ ئەوەی بتوانێت پارێزگاری لە خۆی و میللەتەکەی بکات.. دەبێت تێبکۆشێت ، تا بەم تێکوشانەی ئارامی و ژیان بۆ گەلەکەی دروست بکات.

*** پڕۆژەی فیلمی ئێوە لە شێوەی کارێکی سینەمایی دەبێت، یان هەوڵدەدەن لە شێوەی زنجیرە دراما کاری لە سەر بکەن؟**

-نەخێر، ئەو فیلمەی من فیلمێکی سینەمایی دەبێت. ئەمە وانەبێت مێژووی کورد و کەسایەتی بارزانی (زنجیرەی دراما) یەکی ئاسایی لێوە بەرهەم نەیەت، بەڵکو دڵنیام بە زنجیرە درامایەکی سەد ئەڵقەییش ناتوانرێت مافی خۆی پێبدرێت، بەڵام ئێمە هەوڵدەدین فیلمێك دروست بکەین، کە دابەشکردن و فرۆشتنی ئاسانتر بێت لە سەرانسەری دنیادا.. من دەزانم ئەم فیلمە مانای ئەوە نیە ئیتر تەواو، چیرۆکەکە تەنها فیلمێك بێت، چونکە ئەم مێژووە درێژ و خوێناویەی شۆڕشەکانی کورد خاوەن چەندان تێکوشەری دیکەی پێشمەرگەیە، کە چەندان داستانی ئازایانەیان تۆمار کردووە. جگە لەوە مێژووی کوردیش وەك مێژووی فەلەستینیەکان پڕیەتی لە کارەسات، بۆ نمونە ئەنفال،"ئەمانە زیاتر لە چیرۆکێکن کە مرۆڤ هەست بکات لە سەردەستی مرۆڤی برای قڕکراوە" من خۆم ئەگەر تەمەن دەرفەتم بدات، حەز ئەکەم لەسەر (ئەنفال) کارێك بکەم، یان تێکوشانی بەدرخانیەکان لە بەشی باکوری کوردستان و لە دەرەوەی کوردستانیش.

***باست لە بەدرخانیەکان کرد، ئەوانیش وەك وتت مێژوویەکی پرشنگدار و تژی کوردایەتیان هەیە لە کوردستان و لە دەروەی کوردستانیش، بەنیازی لەم رووەش کارێك بکەیت بۆ نموونە فیلم؟**

- من شانازی بە بەردخانیەکانەوە دەکەم، لەبەر ئەوە نا کە من

خۆم لەو مالباتەم، بەڵکو لە ڕوانگەی  هۆشیاری ئەوان لە ڕووی ڕاگەیاندن. ئەوان یەکەم کەسبوونە ویستوویانە لەسەر کێشەی کورد بنووسن و وەریبگێڕن بۆ زمانەکانی تر و رایبگەیەنن چوون لەو سەردەمەدا هەوڵێك لە لایەن داگیرکەرانی دنیا و دەوربەری کوردستان لە ئارا دابووە، بۆ کپکردنی دەنگی کورد. بەتایبەتی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و پەیمانی سایکس بیکۆ، کە هەوڵە بەردەوامەکانیان بۆ دابەشکردنی کوردستان و دەستبەرداگرتنی کەرەستە خاوەکانی کوردستان بووە، بەتایبەتی نەوت.

***لەو ماوەیەی ئێوە لێرەن هەستتان، بە بەروە پێشچوونی ژیان کردووە، یان بزواتی ژیان لێرە چۆنە؟**

-بۆ یەکەم جار بەر لە سێ مانگ من هاتمە ئێرە هەر شەقامێکدا دەڕۆیت هەستدەکەی کاردەکرێت، بزاوتێکی خێرا هەیە، جگە لەوە هەست دەکەم ویستێك هەیە بۆ گەشەسەندن و بەرەو پێشچوون، ویستێکی جوانە ئەز باوەڕ دەکەم، هەمووان ئەیانەوێت تۆڵەی نەهامەتی و وێرانیساڵانی ڕابردوو بکەنەوە.

***جیاوازی ژیانی ئێرە، مەبەستم کوردستانە، چین لەگەڵ جیاوازییەکانی وڵاتی میسر؟**

- ژیانی لە کوردستانی زۆر ئارامە، بەڵام لە میسر جەنجاڵە و پڕ تەنگەژەیە، ژمارەی دانیشتوانی یەکجار زۆرە، کاتێك مرۆڤ لەم قەرەباڵغیەی ئەوێ دەڕوانی ترس دایدەگرێت. بە تەنها لە قاهیرەی پایتەخت ژمارەی دانیشتوان (20) ملیۆن کەسە، ولاتی میسر (70) ملیۆن کەسی تێدا نیشتەجێیە، ئەم جەنجالی و قەرەباڵغی و ژاوەژاوە، نەیهێشتووە مرۆڤ دەرفەتێك لە ژیانی خۆی بەدی بکات، یان بتوانێت داهێنانێك بکات، بەڵام کاتێك خەڵکێکی هونەرمەند دەبینی روو دەکاتە ئێرە، ئەوا ئەیەوێت دەرفەت لەم کەشە وەربگرێت و داهێنانێك بکات، یان چێژ لە سروشتی جوان و سەرسوڕهێنەری ئێرە وەربگرێت. لەگەڵ ئەو پێشکەوتن کارکردنەش کە هەیە.. هیوادارم سروشتی جوانی کوردستان نەشێوێندرێت و تێك نەدرێت.

***لە وڵاتی میسر چەندان مالباتی کورد هەن، لەوانە مالباتی عەلی عونی، ئەمەوێ بپرسم پەیوەندی ئێوە لەگەڵ ئەم مالباتانە چۆنە؟**

- (دوڕییە عەونی) و براکەی ئەوان کە کەسی چالاکان، بەردەوام لە پەیوەندیدان، لەگەڵ خەڵکانی کورد پەروەر، بە تایبەتی لە بۆنەکاندا، نموونەی بۆنەی (نەورۆز) ، خەڵکی کورد و ئەو کوردانەش کە لە وڵاتی میسر دەخوێنن یەکتری دەبینن، هەروەها چەندان کەسایەتی تر، لە نەرۆزاندا لەگەڵ یەکتری کۆ دەبینەوە، من دەزانم زۆر خەڵکی دیکەی کورد هەن لەوێ، بەڵام نازانم ئەوان هەست بە کوردایەتی خۆیان دەکەن.. یان بە مانایەکی دیکە دەزانن کوردن.. راستی من دەزانم پەیوەندییەکانی خەڵکی کوردیش وەك پێویست نین، وا هەستدەکەم کۆمەڵەیەکی دۆستایەتی کوردی-میسری سوودی دەبێ. ئەتوانرێت ئەم کۆمەڵەیە لێرە و لە میسریش لقی هەبێت و چالاکی رۆژنامە نووسی ئالۆیر بکات و پەیوەندی دروست بکات، کوردیش لەوێ یەکتری بدۆزنەوە.

***هەست ناکەن لە ولاتی میسر ( تەوژمی ناسیونالیستی نەتەوەیی عەرەبی ) زۆر بەهێزە، یان بە واتایەکی تر ئەم مەدە قەومی و دەمارگیریەی عەرەب لەوێ بەهێزە، ئایا ئەمە نەبۆتە مایەی دژایەتی کردنی کورد؟**

- ئەم مەسەلەیە پێویستی بەماندووبوون هەیە، لە لایەن ئێمەی کورد.. راستە وەك تۆ وتت سەردەمێك رەوتی قەومی بەهێز بوو، بەڵام ئێستا وانیە، من ئێستا وەك تێبینم کردووە ئەمە لە پاشەکشەیە، پێشتریش بۆ نمونە (جەمال عەبدولناسڕ) پەیوەندی



زۆریش ڕێزی کوردی گرتووە. بە هەمان  شێوە (عەبدولڕەحمان عەزام) ی ئەمینداری ولاتانی عەرەب، لەنێو کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی وتوویەتی (گەلی کورد خاوەن مافە و پێویستە ڕێزی لێبگیرێت) پاراستنی ئازادی و سەر بە خۆیی کوردیش پاراستنی ئازادی و سەر بە خۆیی وڵاتانی عەرەبیە). حەز ئەکەم  باس لەوەش بکەم هەر لە میسر مەدحەت بەدرخان و ئەمین عەلی بەدرخان، یەکەم رۆژنامەیان دەرکردووە بەناوی کوردستان، سەردەمی جەمال عەبدولناسڕ رادیۆی کوردستان هەبووە کاك حەمە کەریم یەکێك بووە، لەوانەی لەم رادیۆیە کاری دەکرد. لەوانەیە ئەوکات باشتریش بووبێت لە ئێستای سوریا و تورکیا و ئێران و عێراقی پێش رووخانی بەعس. چونکە رۆژئاوا لەبەر بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ ئەم وڵاتانە کێشەی کوردی پیشتگوێ خستووە.

***جارێکی تر بەخێر بێت وڵاتی خۆت و سوپاس بۆ ماندوو بوونت....**

-سوپاس بۆ ئێوەش...

**شانازی بە بەردخانیەکان دوە دەکەم، لەبەر ئەوە نا کە من خۆم لەو مالباتەم، بەڵکو لە روانگەی هوشیاری ئەوان لە رووی راگەیاندن.**

**بەردخانیەکان یەکەم کەسبوونە ویستوویانە لەسەر کێشەی کورد بنووسن و وەریبگێڕن بۆ زمانەکانی تر، چونکە لەو سەردەمەدا هەوڵێك بۆ کپکردنی دەنگی کورد لە ئارادابوو.**

# پیاوی ماقـــوولْ وپیاوی ناماقـــوولْ

## برەودان بە جیاکارییە کۆمەلاْیەتییەکان



شوان رەشید

زۆرجـــار لــەکاتی پەخـشی هەواڵەکانـدا ، دەزگاکـانی راگەیانـدن ئاشنامان دەکـەن بەهـەواڵی سـەردان وپێشوازییەکانی سەرکردە وبەرپرسە حزبـی وهەنـدێجاریش حکومییـەکان ولەومیانەیەشدا کۆمـەڵێك پیـاو، کـە چـاویان کـەوتووە بەبــەڕێزیان وەك پیاوی ماقوولْ ناویان دەهێنرێت .

ئـەم چەشـنە ناوهێنانـە ئەگـەر بـە دیوێکدا بابەتێکی هەواڵی بێت وهیچ جۆرە راچەنینێك لای خەڵکی ئاسایی دروست نـەکات، ئـەوا بـەدیوێکی تـردا بابـەتێکی کۆمەڵناسـییە وپێویـست دەکــــات کۆمـــــەڵناس وتوێژەرەکۆمەلاْیەتییـەکان بخاتـــە بەردەم چەند پرسیارێکی گرنگ .

ئایا ناوهێنانی دەستەیەك لە پیاوانی ناوچـەیەکی دیـاریکراو کـە چـاویان کـەوتووە بــە ســەرۆك وســەرکردە وبەرپرسە بالاْکان، بە پیاوانی ماقولْ، دەگەڕێتـەوە بـۆ ماقولێییـەتی ئـەو پیاوانـە؟! یـان دووبـارە بـەرزراگرتن وپیرۆزترکردنـی نـاوی سـەرکردە وبەرپرسە بالاْکانە ؟ بەو پێیەی ناکریْ سەرۆك وسەرکردەکان دابەزێنرێن بۆ ئاستێکی سادەی میللی کە خەڵکی ئاسایی تێیدان.

ئایا ئـەم پیاوانـە بـە راسـتی پیـاوی مـاقوڵن ؟ پێوەرەکـانی پیـاوی مـاقولْ چیین ؟ ئایا جگـە لـەم کۆمەڵـە پیاوە سەرجەم ئەو پیاوانـەی تری دەڤەرەکە پیـاوی نامـاقوڵن ؟ پێـوەری نامـاقوڵی پیاوەکان چیین ؟

کـێن ئەوانـەی دەتـوانن پیـاوێکی مـاقولْ وپیـاوێکی ناماقولْ لە یەکتری جیابکەنەوە ودواتریش مافی چونە خزمـەت سـەرۆك وبەرپرسـەکان دەبەخـشن بـە یـەکێك ولەوانی تریشی دەستێننەوە ؟

ئایا بەراسـتی مەبەسـت لـە ماقوڵیـەت وناماقوڵیـەتی پیاوەکـان چییە ؟ ئایا کـچان وژنـان لـە کـوێی ئـەم هاوکێشەیەدان ؟ ئەمە ئەگەر باسی کوڕان وەلانێین.

ناونـانی کۆمـەڵێك پیـاو لـە ناوچـەیەکی بـچوك وسـنورداری کـەم دانیـشتوان بـە پیـاوی مـاقولْ چ هەستێکی را لەخۆبوون وخۆبەگەورەتر زانین لای ئـەم دەستە پیاوە ماقوڵە دروست دەکات ؟ لەبەرامەبەردا چ هەسـتێکی خۆبەکـەمتر بیـنین وبـچوکبوونەوە لای پیاوەکانی تر دروست دەکات؟ ئایا ئەگەر پیاوانی تر بەشـێك نـین لـە دەسـتەی پیـاوە ماقوڵـەکان، کەواتـە دەسـتەیەکن لـە پیـاوی نامـاقولْ ؟ ئایـا کاریگـەری



هەستی هەر یەکێك لەو دوو دەستەیە بۆ سەر خۆی وخێزانەکانییان ودواتریش تێڕوانینییان بۆ دەستەی بەرامبەر وسەرجەمی کۆمەڵگا چیدەبێت؟

هـەموو ئـەو پرسـیارانە وپرسـیاری تـریش کـە رەنگـە بابەتەکە هەڵگریان بێت، دەچنە خانەی پرسیارەکانی بـوارێکی گـرنگ ودێـرینی کۆمەڵناسـی لـەژێر نـاوی جیاکارییـــە کۆمەلاْیەتییـــەکان و لـــەم دواییانـــەش دووبـارە بـووە بەبابـەتی گـەرمی بـوارێکی تایبـەتی لیکۆڵینـەوە کۆمەڵناسـییەکان کـە بـە لێکۆڵینـەوە جێندەرییەکان ناسراوە .

یەکێکیــــشە لـــەو بابەتانــــەی ئـــەنترۆپۆلۆژیا ودەروونناسی کۆمەلاْیەتی وهەندێکی تر لە لقەکانی کۆمەڵناسی لەسەری وەستاون .

مەبەسـتیش لـە جیاکـاری کۆمەلاْیـەتی هـەموو ئـەو پەسـندکردن وبەباشـتر زانینـە کۆمەلاْیەتییانـەن کـە لەسـەر بنـەمای رەگـەز ورەنـگ وزمـان وئـایین وبـیروڕا ونەتـــەوە وپایەکۆمەلاْیەتییـــەکان وچـــین وتوێـــژی ئابووری وسیفەتەکانی وەك جوانی وئازایـەتی و... هتــد دامـــەزراون. بـــەماناییێکی تـــر دابەشـــکردنی کۆمەڵگایـــە بەســـەر پەســـند وناپەســـند، مـــاقولْ ونامــاقولْ، هــەژار ودەوڵەمەنــد، جــوان وناشــیرین وئیماندار وزەندیق و.... هتد

واتـا لـە رێگـای کۆمـەڵێك پێـوەری نـاجێگیر دوو مرۆڤ ودوو رەگـــەز ودوو نەتـــەوە و...هتـــد لـــە یـــەکتری جیادەکەینەوە وکۆمەڵێك ماف دەبەخشینەی ئەوانەی پێمانخۆشـە پێیـان ببەخـشین وئـەوانیتریش لەهـەمان ئەو مافانە بێبەش دەکەین.

بۆیەش دەڵێین پێوەری ناجێگیر، چونکە لە تێڕوانینی هەموو ئەو روانگە زانستییانەی تاوتوێی دیاردەی جیاکاری کۆمەڵایەتیان کردوە، هیچ بنەمایەکی دروست وباوەڕ پێکراو وزانستی بۆ خودی دیاردەکە نییە وهەموو ئەو بەها وپێوەرانەش کە جیاکاری کۆمەڵاتی لەسەر دادەمەزرێت، تەواو رێژەیین ولەسەردەمێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێن ووەك هەر رەگەزێکی تری کولتووریش لە سەرجەم کۆمەڵ وکۆمەڵگا مرۆییەکان بە هەمان هێز ومانا وپێویستیی نین.

ئەگەر یەکێك لە وەزیفەکانی جیاکاری



کۆمەڵایەتی بریتی بوو بێت لە وەزیفەیەکی کۆنترۆڵکاری وئامرازێکی کولتووری بووبێت بۆ ئەوەی مرۆڤەکانی پێجۆش بکرێت وسنوورەکانی خودی کولتوورەکەی پێ بەهێز کرابێت وبەربەستێك بووبێت بۆ رێگە گرتن لە لادانە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوا وەزیفەیەکی تری ئەم جیاکارییە بریتی بووە لە دروستکردنی کەلێنێکی کۆمەڵایەتی ودابەشکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ سەر چەندین پایە وپێگەی کۆمەڵایەتی وبەخشینی بەهای کۆمەڵایەتی جیاواز بەو پایە وپێگە کۆمەڵایەتییانە وریزبەندکردنی کۆمەڵگا لە سەر شێوەی ژمارە ولەسەر بنەمای لە پێشتر ونزیکتر وبەبایەخ تر وگەورەتر وبەهێزتر و... هتد کە ئەمەش دواتر جۆرێك لە رکوکینەی کۆمەڵایەتی وپێکەوەهەڵنەکردن وهەروەها هەڵچون وتوندوتیژی وئینتیما نەبوون بۆ کۆمەڵگا وبۆ یەکتری وهەستی دژەکۆمەڵایەتی لەلای ئەوانە بەرهەمدەهێنێت کە دەرەنجامە خراپەکانی جیاکاری کۆمەڵایەتییان بەردەکەوێت.

ئەم جیاکارییە کۆمەڵایەتییانە هەمیشە بە دوو هێزی دژ بەیەکتری کار دەکەن ودوو شێوە دەرەنجامی ناکۆکیش بەرهەمدەهێنن. بۆیە کاتێك هەواڵەکان دەستەیەك پیاو بەرزتر رادەگرن، هاوکات دەستەیەکی تر دەخەنە ژێری ژێرەوە، ئەگەر ناوزەدکردنی دەستەیەك پیاو بەماقوڵ جۆرێك بێت لە متمانە بەخشین بەو دەستە ناوبراوە، هاوکات متمانە سەندنەوەیە لە دەستەیەکی ترکە خراونەتە دەرەوەی ئەم دەستەیە. ئەگەر ئەمە هەوڵێك بێت بۆ هێنانە پێشەوەی دەستەیەك پیاو، دواتر هەوڵێکیشە بۆ بردنە دواوەی دەستەیەکی تری پیاو. ئەگەر بەناوبردنی (پیاوی ماقوڵ) کەلێنی نێوان پیاوە ماقووڵەکان وسەرۆك وسەرکردە باڵاکان کەمتر بکرێتەوە، بێگومان کەلێنی نێوان پیاوانی ناماقوڵ وپیاوانی ماقوڵ لە لایەك وکەلێنی نێوان پیاوانی ناماقوڵ وسەرۆك وسەرکردەکان لە لایەکی تر گەورەتردەکاتەوە. بەکاربردنی چەمکی پیاو ماقوڵی ئەگەر دەستەیەك پیاو پێشچاو بخات، هاوکات دەستەیەکی گەورەتری پیاوان وئینسانەکانی تر دەخاتە پەراوێزەوە. ئەم چەشنە ناوزەدکردنە چەندە رەنگدانەوە وپێداگیریە لەسەر بەهای پیاو سالاری لە ناو کایە سیاسی ودامەزراوەکانی راگەیاندنی کوردی، هێندەش رەنگدانەوە وپێداگیرییە لەسەر پەراوێز خستنی رەگەزەکەی تری کۆمەڵگا کە رەگەزی مێیە.

ئەم چەشنەی جیاکاریە کۆمەڵایەتیەی کە ئێمە لە هەواڵەکان ودەزگاکانی راگەیاندنی کوردستانەوە رێکەوتی دەکەین، بەشێکی کەم ونمونەیەکی بچوکی ئەو هەموو چەشنە جیاکارییانەیە کە رۆژانە تاکە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیەك لە شێوەکان ولە کایە وستراکتۆرە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا ژیانی دەکەن و روبەڕووی دەبنەوە.

رەنگە پێمانوابێت ئەمڕۆ رەگەزی مێ زۆرترین بەشی ئەو جیاکارییە کۆمەڵایەتییانەی بەردەکەوێت، ئەگەر چاوپۆشیمان کردبێت لە چەشنەکانی تری جیاکاری کۆمەڵایەتی.

بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە جیاکاری کۆمەڵایەتی تەنها بریتی نییە لەو جیاکارییە کۆمەڵایەتییانەی لەسەر بنەمای رەگەز داتاشراون. بەڵکو شێوەکانی تری جیاکاری هێندە بەربلاون سەرجەمی کۆمەڵگا وبەشێکی هەرەگەورەی بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە. ئەو کاتەی هاوڵاتییێکی ئاسایی وبەرپرسێك یان پیاوماقوولێك دەمرن، لە ناوی ئەو مزگەوتانەی پرسەکانیان لێدادەنرێت ولە ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەردەم ئەو مزگەوتانە دەگرن هەردوو پرسەکە بەئاسانی لە یەکتری جیا دەکەیتەوە. لە بەنزیخانەکانیشدا بە ئاسانی دەتوانیت ئۆتۆمبێلی ئەم دوو چەشنە هاوڵاتییە لەیەکتری جیابکەیتەوە، هاوکات لە پرسگەی نەخۆشخانە ووەزارەتەکان ودام ودەزگاکانی تردا دەتوانیت ئەم دوو ئاستە مرۆییە ببینیت. لەوەرگیرانی قوتابیەکانیشدا لە کۆلێژ و بەشی پەسندکراو چ لەناوەوە یان دەرەوەی کوردستاندا بەهەمان شێوە. رەنگە هەر یەکێك لە ئێوەش دەیان وسەدان نمونەی تری لە بەرچاو بێت بە جۆرێك کە دەرفەت نییە لێرەدا ئاماژە بە هەموویان بکەین.

ئەم جیاکارییانە دیاردەیەکی تایبەت نین بە کۆمەڵگای ئێمە بەتەنها، بەڵکو دیاردەیەکی مرۆیین وسەرجەمی کۆمەڵگاکانی دونیا لە سەردەم وقۆناغێکی کولتووری دیاریکراودا پێیدا رۆیشتوون، بەڵام تائێستاش ئەم دیاردەیە سیفەتێکی بەرچاوی کۆمەڵگا نەریتی ودواکەوتووەکانە. بەمانایێکی تر کۆمەڵگاکان چەند بەرەو دیموکراسیەت ومەدەنییەت هەنگاو بنێن، هێندە لەم چەشنە جیاکارییە کۆمەڵایەتییانە دوور دەکەونەوە وچەندێکیش دامەزراوەکان بەعەقلانی بکرێن ئەوەندە سنوورەکانی نێوان پیاوی ماقوول وپیاوی ناماقوول بەرتەسکتر دەبێتەوە .

# پێکەوە ژیان

یوسف عوسمان حەمەد*

پێکەوەژیان، یاخود کۆمەڵ یەکەیەکی کۆمەڵایەتیە لە چەند تاکێك پێکهاتوە، کە هەر تاکێك ڕۆڵێکی سەرەکی یاخود تایبەتی هەیە بۆ ڕێك خستنی پەیوەندیەکان و یەکترناسین و پەیوەستبوون لەگەڵ تەواوی ئەندامەکانی کۆمەڵ لە روی دەرونی و مەعریفی و ویژدانی و بەهایەکان، بۆ ڕێکخستنی رەوشتی تاك و کۆمەڵ. کۆمەڵ لە ژمارەیەکی زۆری تاك پێکهاتتوە کە پێکەوە دەژین و کارلێك دەکەن، بۆ دەست نیشانکردنی ئیدراك و زانینی تاك بۆ سروشتی رۆڵبینین لە نێوان یەکتری. خەسڵەتی پێکەوە ژیان لەناوکۆمەڵگابریتی‌یە لە، بوونی مەیل و بەهاو پاڵنەری هاوبەش کە لەسەری ڕێککەوتون یاخود پێکهاتنێك لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا هەیە کە دەبێتە هۆی کارلێککردن لە نێوانیاندا. بونی شێواز و ستایلی کاریگەری جێگر و ڕێکخراو کە دەرئەنجامێکی ئاشکرای هەبێت، هەبوونی رۆڵی تاك بۆ شوێنگرتن لەناو کۆمەڵ واتە بەهۆی بونی پەیوەستبونی تاکەکان لەگەل یەکتری، ئەوا رۆڵەکان دەگۆڕێن لە کوڕەوە بۆ باوك بۆ باپیر و لە کچەوە بۆ دایك... . بەپێی داب ونەریت و کلتوری دیاریکراوی ناو کۆمەڵگا. بونی ئامانجێکی هاوبەش بۆ دەستەبەرکردن و هێنانەدی تێربوونی هەندێك لە پێداویستیەکانی تاك وکۆمەڵ، ئەگەر ئەو ئامانجە نەبوو لە نێوان تاکەکان ئەوا بەرژەوەندی تاکەکەسی جێگای بەرژەوەندی گشتی دەگرێتەوە، بەهایەکان لەبەر یەکتر هەڵدەوەشێنەوە، پێکەوەژیان زەحمەت دەبێت و کۆمەڵ گەندەڵ دەبێت و دادوەری و گیانی لێبوردەی لە نێوان تاکەکانی ناو کۆمەڵ نامێنێت. رەنگە شەڕ و ئاژاوە جێگای ئەو بەها جوانانەی ناو کۆمەڵ بگرێتەوە، بۆیە ئامانجی هاوبەش گرێبەستی کۆمەڵگایە، زۆرجار پێکەوەژیان مێژوویێکی هاوبەشی هەیە، نەك بۆ گۆڕینی رەوشتی تاك بەڵکو زیاتر بۆ ناسینی مێژوی کەسایەتی تاك و چۆنیەتی پەیوەندی پێوەکردن و پاراستنی دەسکەوتی گشتی، چونکە ئەم پێکەوەژیانە چەند رەهەندێکی هەیە وەکو: هاوڕێیەتی و لێك نزیکبوونەوە روودەدات یاخود دروست دەبێت بەهۆی مامەڵەی بەردەوام و کارلێکی کۆمەڵایەتی لەناو چەند تاکێك و گروپێکی کۆمەڵگا، ئەو برادەرایەتییە گەشەدەکات بۆ خزمایەتی و تێکەڵبوونی خوێن لە نێوانیان کە پەوەستبون زیاتر دەکات. بەهایەکی تر وەرگرتنی پێودانگی (پیوەری) کۆمەڵایەتی بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشتی بەرامبەر و رەخنەگرتن لە رەوشتی هەڵە، واتە هەر کۆمەڵێك و گروپێك رەوشتێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەو رەوشتە تایبەتیە پێوەرێکی تایبەت و جیاوازی هەیە لەگەڵ گەلانی تر. هەر ئەم پێوەرەشە کۆمەڵ و گەلەکان لەیەکتری جیادەکاتەوە و ناسنامەی تایبەتی پێدەبەخشێت. و فێربوونی تاك بۆ رەوشتی کۆمەڵایەتی گونجاو و شیاو لە ڕێگای کارلێکی کۆمەڵایەتی، کە دەبێتە هۆی خۆشگوزەرانی و چێژوەرگرتن و رەزامەندی لەسەر کارکردن لەگەڵ کۆمەڵ، بەهۆی فێربونی تاك لە شارەزایی خۆی و کەسانی تر، واتە ئەو کەسە جگە لە ئەرکی بەرپرسیاریەتی کەسێکی ئەکتیڤ و چالاك دەبێت لە ڕێکخراوە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکان و نافەرمییەکان وەکو پاڵپشتێك بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و سەربەخۆ. ئەمەش هۆکارێکە بۆ گەشەکردنی کارامەیی و شارەزایی بە پلەیەکی بەرز بۆ چاککردن و بەرەوپێش بردنی رەوتی کۆمەڵگا، رەهەندێکی تری ئەم پەیوەندیە



بریتی‌یە لە گەشەکردنی بیرکردنەوە و گوزارشتکردن لە خودی تاك و دەستکەوتنی توانا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بەشداری کردن لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتی کۆمەڵگا، کە دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی شوێن و مەکانەتی کۆمەڵایەتی.

* پسپۆری دەروونزانی

# دیاردەی توندوتیژی لەناو خێزاندا

## بەشی دووەم



کوردستان زرار

سەرەڕای ئەو کاریگەرییەی کە مێژووی پڕلە توندو تیژی گەلەکەمان لە سەر ژیانی کۆمەلآیەتی و ڕۆژانەمان بەجێی هێشتووە، گشت دامودەزگاکانی کۆمەڵگەکەمانی بەڕەنگی خۆی ڕەنگ ڕێژ کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە کلتورێکمان هەیە کە لە هەندێ باردا هانی توندوتیژی دەدات. بۆ نموونە کولتوری ئێمە ئەو بیرە پەروەردە دەکات کە کوتەك ڕێگە چارەی هەموو بابەت و کێشەکانە، بۆیە ڕۆژانە ئەم پەندە دووبارە دەکەینەوە وکاری پێ دەکەین کە دەڵێت (کوتەك دەزانێت قۆناغ لە کوێیە)، ئێمە بۆ دەستەبەرکردنی هەر شتێك یان هەر ئامانج و مە بەستێك کە نەتوانین بەڕێگەی کارکردن و هەوڵدان یان بە ڕێگەی ئاشتی و گفتوگۆوە دەستە بەری بکەین، ئەوا کوتەك بەکاردەهێنین. کوتەك لێرەدا خۆی لە بەکارهێنانی جۆرەها ڕەفتاری توندوتیژدا دەبینێتەوە، بۆ نموونە (لێدان، تانەوتەشەر تێگرتن، کەم نرخاندن، ڕێگرتن لە ئازادی هاتوچۆ و قسەکردن و ڕادەربڕین، هەڵبژاردن، ڕێگرتن لە تەواوکردنی خوێندن، بەزۆر بەشودان، ئەتککردن و کوشتن بەناوی شەڕەف...) ئەوانەو کۆمەڵێك ڕەفتاری تری توندوتیژ کە ڕۆژانە وەکو کردەیەکی ڕۆتینی دووبارە دەبنەوە، تەنانەت بۆتە زمانی گفتوگۆ و ڕازیکردنی بەرامبەر و ئامرازێك بۆ ئەوەی یەکتری پی بخەینە ژێر باری بۆچوون و ئامانجەکانی خۆمان.

سەرەڕای ئەوەی کە لە کۆمەڵگەدا توندوتیژی وەکو بەشێکی کاریگەر لە کولتوری ئێمەدا ئامادەیی هەیە و بەرۆکی هەموو تاکێکی گرتووە بە ژن و پیاو و گەنج و پیرو منداڵ و هەژار و دەوڵەمەند... بەجۆرێك کە دەکرێت بڵێین هەموو تاکێك لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە شێوەیەك لە شێوەکان هەم قوربانی توندو تیژیە و هەم ئەنجامدەری کردەی توندوتیژیشە، بەلآم بێگوومان هەموو تاکەکان لەم هاوکێشەیەدا یەکسان نین. واتە هەموو تاکەکان وەك یەك و بەهەمان ڕێژە ئەم کردەیە ئەنجام نادەن، هەروەك بە هەمان ڕێژەش قوربانی ئەم کردەیە نین، بۆ نموونە هەمیشە گەورە زیاتر توندوتیژی بەرامبەر بە بچووك ئەنجام دەدات جا ئەو گەورەیە باوك بێت یان بر یا دایك یا مامۆستا، هەروەها دەوڵەمەند زیاتر دەتوانێت توندوتیژی بەرامبەر هەژار ئەنجام بدات، بەڕێوەبەر بەرامبەر بە فەرمانبەر، دەسەلآتدار بەرامبەر هاوولآتیان... بەڵام ئەمە مانای ئەوە نادات کە منداڵ یان هەژار و فەرمانبەر و هاوولآتیان کردەی توندوتیژی ئەنجام نادەن، بەڵکو ئەوانیش ئەگەر وەکو فێربوون وکاردانەوە بێت یان وەکو بەرگریکردن بێت ئەم کردەیە ئەنجام دەدەن، بەلآم بەڕێژەیەکی کەمتر لە چاو کەسی سەروو خۆی.

یەکێ لەو خاڵە هاوبەشانەی کە لە کولتوری هەموو گەلآنی جیهاندا بەرچاو دەکەوێت زاڵی و دەست ڕۆیشتوویی پیاوە، بەشێوەیەك کە تەرازووی دەسەلآت وهێز هەمیشە لە بەرژەوەندی پیاودا لا سەنگە، واتە هێزو دەسەلآتی زیاتر لای پیاوە و لاوازی و بێ توانایيش لای ئافرەت. ئەم لاسەنگییە لە هێزو دەسەلآت دا جگە لەوەی کە پەیوەندی بە پێکهاتەی جەستەیی و بایۆلۆجی ئەم دوو ڕەگەزەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە دابەشکردنێکی نادادپەروەرانەی هێزو دەسەلآت و توانەکانەوە هەیە لەنێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا، و هەروەها هۆکارێکیشە بۆ دروست کردنی دوو پێناسەی کۆمەلآیەتی جیا بۆ هەریەك لە م دوو ڕەگەزە، کە هەریەك لەم پێناسانەش هەڵگری کۆمەڵێك سیفات وخاسیەتن بۆ ڕەگەزەکان. بۆ نموونە پێناسەی پیاو بەو شێوەیە دەکرێت کەپیاو یاخود پیاوەتی بە واتای دەسەلآت، هێز، زیرەکی، دانایی، ئازادی ... بەلآم ژن یان ژنێتی واتا بێهێزی، بێ دەسەلآتی، لاوازی و کەم هۆشی و ژێردەستەیی. ئەم دوو پێناسە جیایەی بۆ هەریەك لە ڕەگەزەکان داڕێژراوە، هۆکارێکە بۆ دەستنیشان کردنی ڕاددەی ئەو توندو تیژیەی کە هەریەك لەمان بەکاری دەهێنێت بەرامبەر ئەوەی تر، بۆ نموونە هەرگیز ژنێك ناتوانێت بە هەمان شێواز و ڕێژەی پیاو ئەم کردەیە ئەنجام بدات بەرامبەر بە پیاو، کە هەرچەند بەشێوەیەك لە شێوەکان ئافرەتیش ئەم کردارە ئەنجام دەدات، بەلآم چونکە هێزو دەسەلآتی زیاتر لای پیاوە و ئەو دەتوانێت زیاتر ئەم توندو تیژیە ئەنجام بدات. تەنانەت توندو تیژی لای پیاو هۆکاریکە بۆ جەخت کرنەوە لەسەر پیاوەتی خۆی، یان نیشان دانی پیاوەتی خۆی بەرامبەر بە ئافرەت، جگە لەوەی بەکارهێنانی توندوتیژی لە لایەن پیاوەوە شەرعیەتی پێدراوە لە لایەن کۆمەڵگە و کولتورەکەی، و تەنانەت ئاینیش، چونکە ئایین مافی تەمبێکردنی ژنی داوەتە دەست پیاو. سەرەڕای ئەوەی کە هەموو ئەو سیستەم و دام و دەزگایانەی ڕۆڵیان هەیە لە پێگەیاندن و بەڕێوەبردنی ژیانی تاکەکان وەك پەروەردە و خوێندن، یاسا، سیاسەت و ڕاگەیاندن، هەمیشە جەخت دەکەنەوە لە سەر دەسەلآت وهێزی بێ سنوری پیاو، کە توندو تیژی دژی ئافرەت یەکێکە لەو ئامرازانەی کە پیاو بەکاری دەهێنێ بۆ ڕاگەیاندنی ئەو دەسەلآتەی خۆی، چونکە کۆمەڵگە ئەوەی لێ چاوەڕێ دەکات تاکو بزانێت، پیاوەتی ئەو تا چ ڕادەیەکە.



لێرەدا پێویستە ئەوە لەبیر نەکەین کە ڕاستە ژنان زیاتر قوربانی ئەم کردەیەن، بەلآم وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا گشت تاکێك لە گەڵ ئەوەی کە قوربانیە بۆ ئەم کردەیە، بەهەمان شێوە ئەنجامدەری ئەم کردەیەشە. بەو مانایە ژنیش توندوتیژی ئاراستەی پیاو دەکات، بەلآم ئەو پێگەیەی کە ژن تیایدایە یان ئەو پێناسەیەی کە کولتور بەبەر ئافرەتی دابڕیوە ڕێگە نادات بە ژن کە بەهەمان شێوە و ڕێژە، توندوتیژی بەرامبەر بە پیاو ئەنجام بدات و ستەم و هەڕەشەی لێبکات وەك ئەوەی پیاو

لەگەڵ ئافرەتدا دەیكات، یان تانەو تەشەری تێبگرێت، جنێوبارانی بكات، لە خوێندن بێبەشی بكات ئازادی هاتوچۆ و ڕادەربڕین و هەڵبژاردنی لێ بگرێت، تەنانەت بیكوژێت. جگە لەوەی كە ئافرەت یان ڕەگەزی مێ توندوتیژی ئاراستەی ڕەگەزی نێر دەكات وەكو كاردانەوەیەك یان وەكو تۆڵەسەندنەوە و بەرگریكردن لە خۆیان، بەڵام هەرگیز لەرووی شێوە و ڕێژەوە ناگاتە ئەو توندو تیژیەی كە ڕەگەزی نێر بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ ئەنجامی دەدات. چونكە سەرەڕای لێدان وئازاری جەستەیی، ڕەگەزی مێ هەمیشە مامەڵەی جیاكاری لە گەڵ دا ئەنجام دەدرێت، بۆنمونە ڕێزگرتن و بەباشتر زانینی كوڕ لە كچ، پیاو لە ژن، لەگەڵ بێبەشكردنی لە مافی حوێندن یان تەواوكردنی خوێندن، بە زۆر بەشوودانی و ئازاد نەبوون لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان، ڕێز نەگرتن لە خودی ژن و بیرو بۆچوون و بڕیارەكانی، نەبوونی كات و شوێنێك بۆ ئافرەت تاكو لەوێدا هەوڵی خۆ پێگەیاندن و خۆ ڕۆشنبیركردن بدات، بە هۆی سەرقاڵی و بەردەوامی ڕۆژانەی بە ئەرك و كارەكانی نێو خێزان هەروەها بە شوودانی لە بڕی خوێن و گەورە بە بچووكی و ژن بەژنی و ژن بەسەرهێنان و تەڵاقدانی بە بێ بوونی هیچ بیانوویەكی لە جێ، كەم نرخاندنی و سە یركردنی وەك بوونەوەرێكی بێ هۆش و لاواز و سونەتكردنی (ختان)، كە بەهۆیەوە ڕەگەزی مێ بێبەش دەكرێت لە بەشێكی گرنگ و هەستیار لە ژیانی سێكسی وهاوسەرێتی دا، ئەتككردنی و كوشتنی بە ناوی شەڕەف، ئەمانە و كۆمەڵێك شێوازی تری ڕۆژانە، كە ئافرەتان بە هۆیەوە ئازار دەدرێن و بێزاردەكرێن، و لەهیوا و خەونەكانیان دادەبڕێن و لە هەوڵی خۆپێگەیاندن و ژیان وەكو مرۆڤێكی خاوەن ویست و كەسێتی سەربەخۆ بێبەش دەكرێن.

جێگای داخە كەتوندوتیژی لە وولاتی ئێمەدا وەكو شتێكی ئاسایی و تەنانەت وەكو چارەسەرێكی پێویست سەیر دەكرێت لە پڕۆسەی پێگەیاندن و پەروەردەی تاكەكان، لە چوارچێوەی خێزاندا توندوتیژی وەكو ڕۆتینێكی ڕۆژانەی لێهاتووە كە گشت ئەندامانی خێزان بەڕووی یەكتردا دووبارەی دەكەنەوە، باوك بەرامبەر بە دایك، دایك وباوك بەرامبەر بەمنداڵەكانیان، برا گەورە بەرامبەر بە برا بچووك و برا بەرامبەر بە خوشك و دایك بەرامبەر بە كچ و... بە پێچەوانەشەوە.

بۆچی توندوتیژی نێو خێزان وەكو كێشەیەكی كۆ مەڵایەتی سەیری لێوە ناكرێت، كە شایەنی بە دواداچوون و چارەسەركردن بێت؟ بۆچی لە حاڵەتێكدا كە ئەندامێك لە نێو خێزانەكەیدا دووچاری كردەی توندوتیژی دەبێتەوە، هیچ كەسێك یان دەزگایەك بەرگری لێناكات و ڕێگری لە ئەنجام دانی توندوتیژیەكە ناكەن؟ ڕەنگە بۆ ئەمە چەند هۆكاریك هەبن لەوانە:

1- نەبوونی هۆشیاری: تائیستا لە چوارچێوەی هیچ دەزگایەكی پەروەردەییدا، خێزان و خوێندنگە و زانكۆ.. هتد، هەوڵنادرێت بۆ پێگەیاندنی تاكەكان لە سە ر بنەمای مرۆڤایەتی و ڕوونكردنەوەی ئەرك ومافەكانی تاكەكەس و بەرز ڕاگرتن و پاراستنی مافەكانی یەكتری. بێگومان ئەمەش لە ژێر كاریگەری ئەو كولتورەمانە كە لە سەر بنەمای پەیوەنییەكی هەرەمەكی ڕاوەستاوە، واتا پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان لە نێو



دامودەزگاكانی كومەڵگادا و بەتایبەتیش خێزان، پەیوەندیەكی هەرەمەكیە. بۆ نمونە ڕەگەزی نێركە هەمیشە لە سەرەوەی هەڕەمەكە دایە خاوەنی ڕەگەزی مێ یە و هەموو مافێكی بەسەرەوە هەیە، ڕەگەزی مێ كە لە خوارەوەی دایە موڵكی پیاوە، باوك كە لەسەرەوەی هەڕەمەكە دایە خاوەنی گشت ئەندامانی خێزانەكەیەتی كە لە خوارەوەی هەڕەمەكە دان ... بۆیە كاتێك كە ئەندامێك لەچوارچێوەی خێزانەكەی دووچاری لێدان یان كەم كردنەوە یان بێبەشكردن لە هەر مافێكی دەبێتەوە دەنگ هەڵنابڕێت بۆ داواكردنی مافی لە باوانیەوە، چونكە ئەو خۆی بە موڵكی باوانی دەزانێت، بۆیە ئەوە بەمافی باوانی دەزانێت كە ئازادبن لە مامەڵەكردن لە گەڵیدا بە هەرجۆرێك بێت.

2-ترس: زۆرجار تاك لەكاتی ڕووبەڕووبونەوەی كردەیەكی توندوتیژی هۆشیارە و دەزانێت كە ستەمی لێدەكرێت و مافی ئەو وەكو مرۆڤێك ژێر پێ خراوە، بەڵام دەترسێت لە دەنگ هەڵبڕین یان پێشاندانی ناڕەزایی بەرامبەر ستەمكاران، نەبادا دووچاری ڕەفتارەی توندترو ترسناكتر بێتەوە. ئەگەر نموونەیەك لە سەر ئەو كچانە یان ئەو ژنانە وەرگرین كە بەهۆی دووچاربوونیان بەڕەفتاری توند و نامرۆڤانە لەنێو خێزانەكەیان، پەنا بۆ دەزگایەكی دالدەدانی ئافرەتان دەبەن، دوای بەلێێندانی كەس وكارەكەی بەوەی كە ئەو سەلامەت و پارێزراو دەبێت، كەچی هەر دوای گەڕانەوەی نەك دووچاری ڕەفتاری توندترو نامرۆڤانە تر بۆتەوە بەڵكو هەندێ جار كوژراوە بەناوەی شەڕەفەوە.

3-شەرم : لە بەرئەوەی كردەی توندو تیژی لای ئێمە وەكو ئامرازێك بۆ چارەسەركردن بەكاردەهێنرێت، چارەسەركردنی هەر كردەیەك كە لەلایەن هەر ئەندامێك ئەنجام بدرێت بە پێچەوانەی خواست و ویستی كەسانی سەرووی خۆی بیت. چارەسەر(بۆكاری خراپ و هەڵە )،كاری خراپ و هەڵە به پێوانەی ئەو كەسانە لە سەروی هەڕەمی دەسەڵات و پەیوەندیەكان دان، بۆ نموونە دایك وباوكی كوڕێك یان كچێك بێگومان پێناسەی گشتیان بۆ كاری خراپ و هەڵە بریتیە لە هەر كردە و ڕەفتارێك كە پێچەوانەی نۆڕم و یاساكانی نێو خێزان بێت، ئەو نۆڕم و یاسایانەی كە دایك و باوك یان گەورەكان دایانڕشتوون و ڕەنگیان كردوون بەڕەنگی كولتورو داب ونەرێتی باوی كۆمەڵگا. لە بەرئەوە زۆرجار تاكێك كە دووچاری ئەم كردەیە دەبێتەوە لەلایەن ئەندامانی خێزانەكەی شەرم دەكات لەوەی كە ڕایبگەیەنێت، چونكە ئەو وادەزانێت كە هۆكاری ئەم توندوتیژیەی كە بەرامبەری ئەنجام دەدرێت خۆیتی، ئەگەر ئەو هەڵە نەبوایە وای پێ نەدەكرا. واتە بۆ هۆكارەكە لە خۆیدا دەگەڕێت بۆیە شەرم دەكات لە ڕاگەیاندنی و بێ دەنگی لێدەكات.

توندو تیژی جگە لەتوندو تیژی هیچی تر بەرهەم ناهێنێتەوە، ئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەر هەر تاكیك نێر بێت یان مێ، گە ورە یان بچووك .. دەبێتە هۆكاری تۆقاندن و درستبوونی كەسیەتیەكی لاوازو ترسنۆك، نا چالاك و بێ بەرهەم. سەرەنجام بەرهەمهاتنی كۆمەڵگەیەكی دواكەوتوو و پڕلە گێرمە و كێشەی بە گژیەكدا چوون و قەبوڵ نەكردنی یەكترو هە وڵدان بۆ ڕێگرتن لە هەوڵ وسەركەوتنەكانی یەكترو سڕینەوە و لە ناوبرد نی یەكتر. . بۆ دووركەوتنەوەمان لەو دەرئەنجامە ترسناكانە، پێویستە هەوڵبدەین بۆ ئەوەی ئەم كێشەیە بە كۆمەڵایەتی بكەین و چیتر وەكو شتێكی نهێنی و تایبەت بە خێزان سەیر نەكرێت. ئەو بۆ چوونەش لە مێشكی تاكەكان بسڕیتەوە كە وەكو چارەسەر لە ڕەفتاری توندوتیژ بڕوانن، چونكە لە هەموو حاڵەتێكدا توندوتیژی ئەبێتە هۆی داڕووخانی مرۆڤ و تواناكانی. لێرەدا گومانی تێدا نییە كە دامودەزگا پەروەردەییەكان ڕۆڵێكی گرنگیان لەوە دا هەیە، بۆ نموونە خوێندنگە، زانكۆ جگە لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن و دەزگا ئاینی و یاسایی و سیاسیەكان، سەرەڕای ئەوەی تاكەكەس خۆشی لەوەدا ڕۆڵێكی بەرچاوتر و كاریگەرتری هەیە، بەوەی كە ئیتر هەوڵی ناسینی هەموو ئەرك و مافەكانی خۆی بدات و لە ئاست هەر ستەمێك دەنگ هەڵبڕێ و داوای مافی خۆی بكات، لە هەمان كاتدا دەست درێژی نەكاتە سەر مافی هیچ كەسێك. لێرەوە ئێمە دەتوانین بەشداری بكەین لە بنیاتنانی كۆمەڵگەیەكی تەندروست و بەهێزو پێشكەوتوو.

# کۆمەڵگەی هەڵاوساو



**هونەر فەتاح**

**هەڵاوسان** دیاردەیەکی ئابوریە ئاماژەیە بۆ کەڵەکەبون و زۆر بونێکی بێ پرۆگرامی ئەو پێداویستی و کاڵا ئابوریانەی کە تاکەکان لە کۆمەڵگادا بەکاریان دەهێنن ، بۆ نمونە ئەتوانین پارە بە نمونە بهێنینەوە بۆ ئەو مەبەستە واتە ئەو دراوەی کە وڵات بەکاری دەهێنێت لە قۆناغێك لە قۆناغە جیاوازەکان بە هۆی نەبونی ڕێکخستنێکی گونجاو تووشی هەڵاوسان دەبێت ، کە لە ڕاستیدا ئەم تێڕوانینە بۆ سەرجەم پێداویستی و کاڵا ئابوریەکانی تریش لە کۆمەڵگەدا هەر راستە. ڕونتر بڵێین لەکاتێکدا ئەو کاڵاو پێداویستیانە لە قۆناغی هەڵاوسان دان کە زیاتر دەبن لە پێداویستیەکانی خەڵکی وەبە پێچەوانەش هەر ڕاستە . بە سوود وەرگرتن لەم چەمکە وە بە خوێندنەوەیەکی واقعیانە بۆ فەزای کۆمەڵگای کوردی دەتوانین بڵێین کۆمەڵگایەکی هەڵاوساوە ، ئەمەش بۆ زۆری و بێبەرنامەیی ئەو دامەزراوەو ڕێکخراوو گرۆیانە دەگەڕێتەوە کە لە هەموو کایە جۆراو جۆرەکانی وەك ئابووری ،سیاسی ،کۆمەڵایەتی داهەن بەڵام نەیان توانیوە لە ئاست چارەسەر کردن و کەم کردنەوەی ئەو گرفت و کێشانە دابن کە لە هەریەك لەو کایە جۆراو جۆرانەی سەرەوە داهەن ،ئەمە سەرەڕای هەڵاوسانی هەریەك لەو کایانە بەدەست کۆمەڵێك گرفت و ئاریشەی گەورە کە کۆمەڵگای کوردیان توشی داتەپین و دواکەوتن کردوە. جارێ با لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کلتوری کۆمەڵگاوە دەست پێ بکەین، کە بە پێ ی زۆربەی خوێندنەوە زانستی و ئەو توێژینەوانەی کە لە لایەن کۆمەڵێك تاك و گرۆی کۆمەڵایەتی جۆراو جۆر ئەنجام دەدرێن لە کۆمەڵگەدا ئەتوانین بڵێین پاڵپشت بەو دەرەنجامانەی کەلەم بارەیەوە لەلایەن ئەم توێژینەوەو خوێندنەوانەی دێنەبەردەست کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوە ، دواکەوتویی ئەو کۆمەڵگایەش بۆ پێکهاتەی فەرهەنگی و کلتوری ئەو کۆمەڵگایە دەگەڕێتەوە و بۆتە هۆی هەڵاوسانی ئەو کایەیە بەدەست زۆرێك لە گرفتەکان لە بواری خێزان ، پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ، سایکۆلۆژیەتی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا ، لەبواری خێزاندا تاکو ئێستا خێزان نەبوەتە ئەو یەکە کۆمەڵایەتیە گرنگەی کە بتوانێت نەوەیەکی تەندروست پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات، بە مانایەکی دیکە کێشەکانی وەك نەگونجانی دەروونی و ڕۆشنبیری لە نێوان هەردوو ڕەگەزی سەرەکی دایك و باوك لە خێزان و سەرقاڵیان بە کێشەکانی وەك پڕکردنەوەی پێداویستیە ئابوریەکان و گوێ نەدان بە خواست و ویستی ئەندامانی نێو خێزان و هەوڵ نەدان بۆ بنیادنانی خێزانێکی نوێ و شارستانی کە بتوانێت لە ئاست گۆڕانکاریە جیهانیەکان بێت. ئەمەش وای کردوە کە خێزان ئەو دامەزراوە گرنگ و کاریگەرە نەبێت کە بتوانێت نەوەیەك پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات کە دواجار سوود بە خۆی و بە کۆمەڵگاکەی بگەیەنێت ، کاتێکیش تاك لە نێو چوارچێوەی ئەو یەکەیە دێتە دەرەوە دەزگاو دامەزراوەکانی دیکەی پێگەیاندنیش لە ئاستێکی پێویست دانین لە کۆمەڵگەدا . ئەمەش وا



دەکات تاکە خەونی تاك لە کۆمەڵگا، ئەو چوارچێوە لە قاڵب دراوە دواکەوتوە بێت کە پێ ی دەوترێت خێزان، کەواتە کەڵەکەبونی ئەو کێشەو گرفتانە لەنێو ئەو کایەیەدا جۆرێکە لە هەڵاوسان. ئەگەر لەو چوارچێوە سۆسیۆلۆژیە بۆ لە قاڵب دانی کۆمەڵگا بێینە دەرەوەو هەوڵی شڕۆڤەکردنی سیستەمی ڕامیاری بدەین لە کۆمەڵگەدا بێگومان لەم ڕوەشەوە کۆمەڵێك کێشە دەردەکەون ، سیستەمی سیاسی لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا تووشی جۆرێك لە هەڵاوسان هاتوە بەدەست زۆری ئەو دامەزراوە سیاسیە ئیفلیجانەی کە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی تیایاندا لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە. بەو مانایەی کە سیاسەت لەو وڵاتەی ئێمەدا نەبوەتە چەمکێك کە لە خزمەت بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتی و ویستە فەرهەنگی و کلتوریەکانی مرۆڤدا بێت. سیاسەت لەم کلتورەدا جۆرێکە لە پیرۆزی کە لادان لەم پیرۆزیە دواجار مرۆڤ بەرەو هەڵدێری قێزەون کردن و بێبەش بون دەبات لە مافە سەرەتاییەکانی ژیاندا ، ئەمە بەو مانایەی کە کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەعریفیەکان لە دەستی کوتلەیەکی دواکەوتو کە پێ ی دەوترێت حزب لە کۆتاییدا خەونی بون بە کەسێکی سیاسی لەلایەن تاکی کورد دەکاتە خەونێکی ناخۆش و بەتاڵ. بۆیە بەهۆی بینینی ئەم جۆرە لە تێڕوانین یان ئەم نەهجە لە ئیش کردن لە نێو سیاسیەکانی وڵاتی ئێمەدا دواجار کۆمەڵێکی زۆر لە دەزگاو دامەزراوە بەرهەم دەهێنێت (بۆ نمونەحکومەت ) کە لە ئەرك و باری بەخێوکردن و بەڕێوەبردنی کارمەند و فەرمانبەرانی ئەو دەزگایانەدا زیاتر حکومەت هیچی تری لە پلاندا نیە، لێرەوە حکومەت یەکێکە لەو بەرهەمە گرنگانەی سیاسەت و حزب لای ئێمە کە ئەگەر بە ووردی سەیری بکەین و ئەو دامەزراوانە شیبکەینەوە کە حکومەتیان پێك هێناوە جگە لەو ڕاستیەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدا هیچی تر نیە. قەیرانی سیاسەت لای ئێمەو هەڵاوسانی ئەو کایەیە بەدەست زۆرێك لە حزب و ڕێکخراوو دەزگاوو دامەزراوەی جۆراوجۆری سیاسی و حکومەت و زانکۆش وەکو یەکێك لەو دامەزراوە سیاسیانە نەیان توانیوە بەقەد قەبارەی خۆیان لەئاست گەورەیی ئەو دیاردەیە بن لە کۆمەڵگەدا کە پێ ی دەوترێت دواکەوتویی. ڕەنگە دەکاربردنی ئەو چەمکە بۆ هەموو یەکێك لە کایەکان ڕاست بێت . بەم پێیەش هەڵاوسان یەخەی جەستەی کایەی سیاسیشی گرتوە ئەمە بەو مانایەی کە زۆری دامەزراوەجۆراو جۆرە سیاسیەکان و بونی کۆمەڵێك تەنگەژەی سیاسی و دواکەوتویی لەم کایەیەدا یەکسانە بە هەڵاوسان .لەبواری ئابوریشدا جێگای گومان نیە ئەم سیستەمەش لە کۆمەڵگای ئێمە ئالودەیە بەدەست هەڵاوسان، بۆنمونە هەر لە کێشەی دراوەوە بگرە تاکو دەگاتە کەڵەکەبون و هاتنی هەموو جۆرە کاڵایەکی ئابوری بەبێ بونی پڕۆسەیەك کە شتە باش و خراپەکان لە یەکتری جیا بکاتەوە، کەمتر لەسەر ئەو کایەیە دەدوێین چونکە لە خۆیدا هەڵاوسان دیاردەیەکی تایبەتە بەم سیستمە. کەواتە سەرتاپای جەستەی کۆمەڵگا بەم پێیە لە هەڵاوساندایە، ڕەنگە گیرۆدەیی هەموو کایە جۆراوجۆرەکان و سستی لە چارەسەری و هوشیار بونەوە بە بونی ئەو گرفتانە لە کۆمەڵگەدا ئەگەری کۆتایی هێنان بەو گرفتانە گەورەترو قورستر دەکات، دواجار کۆمەڵگا وەك جەستەیەکی بریندای لێهاتوە کە ئەگەر چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکانی نەدۆزرێتەوە، ڕەنگە برینەکانی زیاتر تەشەنەبکات.

# توندوتیژی ناو خێزان، وەك دیاردە

## ئەو كاتەی ژیان دەبێت بە دۆزەخ

توندوتیژی وەكو دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی دەرونی یەكێكە لەو دیاردانەی زۆربەی كۆمەڵگاكان بە ڕێژەی جیاوازو شێوازی جۆراوجۆر بەدەستیەوە دەناڵێنن. توندوتیژی خێزانیش لە كاتی ئێستاماندا یەكێكە لەو دیاردە و گرفتە هەرە گرنگ و بەربڵاوانەی هەڕەشە لە شیرازەی خێزان و ژیانی كۆمەڵایەتی دەكات.

ئەگەر سەرنج بدەینە دەوروبەرمان دەبینین ڕۆژانە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕاگەیاندنەكاندا، چەندین حاڵەتی توندوتیژی بەدی دەكرێن، كە بەشێكی زۆریان خۆیان لە توندوتیژی نێوخێزانی دەبیننەوە. بەرچاوكەوتنی زۆری گرفت و دیاردەگەلی وەكو تەڵاق و خۆكوشتن و لێدان و هەڕەشە و قسەی ناشرین و بریندارکردنی بەرامبەر، كە زۆربەیان پاشهات و دەرەنجامی دیاردەی توندوتیژین لە ناو خێزاندا، گرنگترین بەڵگەی بەرزی ڕێژە و ئاستی توندوتیژی خێزانین لە كۆمەڵگەی كوردیدا.

بۆ ئەم مەبەستە و لەم ڕیپۆرتاژەدا لە هۆكارەكانی ئەم دیاردەیە، بەو ڕێژە زۆرەی ئێستای و كاریگەری و مەترسیەكانی و پێشنیاری تایبەت بە ڕێگا چارەی گونجاو ورد دەبینەوە:

ریپۆرتاژ: نیاز علی

( یوسف عوسمان ) پسپۆری دەرونزانی پێی وایە میتۆدی توندوتیژی، یاخود زەبروزەنگ دەرونی بێت یان بەدەنی، بەهەموو شێوازەكانیەوە بەشێكە لە كولتوری مێژوو. هەر لە جیاكردنەوەی كار لە نێوان هەردوو ڕەگەز و دابەشكردنی داهات و سەرهەڵدانی سەرەتایی بەرژەوەندیەكانی تاك، توندوتیژی بەشێك بووە لە ڕەوشتی ڕۆژانە و قۆرخكردنی دەسەڵات. خێزانیش نمونەی دەسەڵات بووە، بۆیە لەوێدا توندوتیژی سەریهەڵداوە، وەكو فاكتەرێكی سایكۆلۆژیش بۆ زاڵبونی نێرسالاری بەكارهاتوە، دەسەڵاتیش لە ڕێگای ئەم توندوتیژیەوە پەیدا بووە.

ئەو پێی وایە كە چەندین هۆكاری جیا جیا لە پاڵ دروستبونی توندوتیژی دان، لەوانە كولتوری پەروەردەی توندوتیژی، كە ئەوە فێری باوان دەكات لە ڕێگای توندوتیژیەوە، دەسەڵات بەسەر ئەندامانی خێزان پەیڕەو بكەن و جڵەوی گەورەیی و سەرپەرشتیكردنیان زیاد بكەن.

هەروەها ئەو وای بۆدەچێ، كە خودی ئەم دیاردەیە بەشێكە لە دابونەریت، كە لە باوانەوە بۆ نەوەكانی تر دەگوازرێتەوە، وێڕای جیاوازیكردن لە نێوان ڕگەزی نێر و مێ، پەروەردە و فێركردنی سەقەت و زەبروزەنگ، ژینگەی ئاڵۆز و سستمی كۆمەڵایەتی، تێكچونی باری ئابوری و بێكاری و كاری زەحمەت، گەندەڵی بەڕێوەبردنی سیاسی و كۆمەڵایەتی، ڕێكنەخستنی خێزان و زۆری ژمارەی ئەندامانی خێزان، پەیڕەوكردنی سیستەمی خێڵەكی لە كۆمەڵگا و نەبونی دادوەری و یاسای تاكەكەسی، ناهوشیاری و نەزانینی كۆمەڵگا و كۆمەڵێك هۆكاری تری دەرونی وەكو ڕەوشتی سادیزم و دڵەڕاوكێ و دڵپیسی و ململانێی ناڕەوا و خەمۆكی و هەڵوەسەی هیستری و نەگونجان و هاوسەرگیری ناتەندروست و زوو هاوسەرگرتن و پڕنەكردنەوەی پێداویستیەكان، گرنگترین هۆكاری سەرەكین لە مانەوە و بەردەوامی توندوتیژی، چ بە شێوەی ئاشكرا (جەستەیی)بێت یا (دەرونی) لە ناو خێزاندا.

چارەسەركردنی ئەم گرفتە لە دیدی (یوسف عوسمان) دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستكردنی خێزان، كە دەبێت لە سەر بنچینەی لێكتێگەیشتن بێت. سەرەڕای گۆڕینی سیستەمی پەروەردەی توندوتیژی و چاندنی گیانی لێبوردن و قبوڵكردنی یەكتری بە هەموو جیاوازیەكانەوە، بەتاڵكردنەوەی دژایەتی و دژواری منداڵان لە ڕێگای وەرزش و یاری و پەروەردەی هونەری و جیاوازینەكردن لە نێوان نێر و مێ. هەروەها زیادبوونی هوشیاری كۆمەڵایەتی بە هۆی زیادبون و ئەكتیڤبونی دامودەزگای مەدەنی.

(پەیمان معروف) توێژەری كۆمەڵایەتی پێ ی وایە توندوتیژی وەكو دیاردەیەكی سایكۆسۆسیۆلۆژی كۆمەڵێك ڕەهەندی جۆراوجۆر كاریگەریان هەیە لە سەرهەڵدان و دروستبونی. بەشێك لەم دیاردەیە پەیوەندی بە سایكۆلۆژیەتی هەندێك لە تاكەكانی نێو كۆمەڵگاوە هەیە، كە ئەمە بە بەراورد لە گەڵ ئەو توندوتیژیەی فەزای كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵگە دروستی دەكات زۆر كەمە. هەر بۆیە پێویست دەكات لەو یەكە كۆمەڵایەتیانە بكۆڵینەوە كە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، لێرەشەوە سەرجەم دەزگاكانی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی بەرپرسن لە بونی ئەم دیاردەیە. گومانیش لەوە دانیە كە ئەو دامەزراوە كۆمەڵایەتیانە بنەمای سەرەكی پێكهێنانی كولتوری هەر كۆمەڵگایەكن. كولتوری كۆمەڵگەی ئێمەش كلتورێكی دواكەوتوە و سەرجەم پێكهێنەرە سەرەكیەكانی بەشدارن لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی، بۆ نمونە خێزان وەك بچوكترین یەكەی كۆمەڵایەتی گرنگ لە كۆمەڵگەی ئێمەدا، نەیتوانیوە ئەو دامەزراوە گرنگە بێت، كە بتوانێت نەوەیەكی تەندروست و خاڵی لە نواندی هەر جۆرێك لە توندوتیژی بەرامبەر بە ئەوانی تر بەرهەم بێنێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە دەسەڵات و هێز لە نێو خێزاندا لاسەنگە، هەندێكیان دەسەڵاتیان زیاترە بە سەر هەندێكی تردا. كەمترین شێوە لە سەربەخۆی بڕیار، سەربەخۆی ئابوری و هەموو جۆرەكانی تر لە سەربەستی تاكەكەسی لە نێوان تاكەكانی خێزاندا یەكسان نیە، چ جای ئەوەی كە خێزانەكانی كۆمەڵگەی ئێمە باوكسالارین و هێز و هەڕەشە و چاوسوركردنەوە و تەمێكردن، گرنگترین و سەرەكیترین ئەو ئامرازانەن كە باوك یان زۆرتر نێرەكانی ناو خێزان ممارەسەی دەكەن دەرهەق بە مێ یەكانی ناو خێزان. ئەم جۆرە لە فۆرمی ژیان لە نێو خێزانەكانی كۆمەڵگەكەمان لە هەموو قۆناغەكانی تەمەنی تاكەكانی ئەو خێزانە ئامادەیە و بونی هەیە. هەروەها لەدرێژەی تێڕوانینیدا بەرامبەر ئەم دیاردەیە وتی: سەرەڕای ئەوەی ئەم توندوتیژیە كاریگەری دەرونی و كۆمەڵایەتی دیاریكراوی خۆی هەیە بەسەر هەموو تاكەكانی نێو خێزان، هەروەها كاریگەری تایبەتی خۆی هەیە بەسەر كایەكانی تری كۆمەڵگا. دامەزاوەكانی دیكەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتیش، بەهەمان شێوە نەیان توانیوە ببنە دامەزراوەیەكی گرنگ لە نەهێشتنی توندوتیژی و كاڵكردنەوەی ئەم فۆرمەی ژیان لە نێو كۆمەڵگادا. وە بۆ كەمكردنەوەی ئەم دیاردەیەش پێویست دەكات پرۆسەیەكی گەورەی هوشیاری كۆمەڵایەتی بگیرێتە بەر، كە سەرجەم دامەزراوەكانی كۆمەڵگە بگرێتەوە. ئەم پرۆسەیە پێویست دەكات ئەوەندە كاریگەر بێت لە ئاست قەبارەی گرفتەكە دابێت. من پێم وایە پێویست دەكات لەم پرۆسەیەدا نێرەكان



یان پیاوەكان بە پلەی یەكەم تیایدا بەشدار بن لە هوشیاربونەوە.

(سەمیر باپیر) توێژەری كۆمەڵایەتی وای بۆدەچێ كە توندوتیژی لە نێو خێزاندا جۆرێكە لە بەكارهێنانی هێز بەڕێگەیەكی ناشەرعی، لە لایەن یەكێك لە ئەندامانی خێزان بەرامبەر بە ئەوانی تر كە دژی ئازادی و ویستی ئەوانە، بە مەبەستی خۆسەپاندن و كۆنتڕۆڵكردن، بەجۆرێك كە هیچ دەقێكی یاسایی نوسراو و نەنوسراو ڕێگەی پێ نەدابێت. ئەو بۆ تێگەیشتن لەم دیاردیە بە پێی ئەو ناساندنەی بۆ توندوتیژی هەیەتی، پێی وایە دەبێت لە هەردوو چەمكی بونیادی هێز و شەرعیەت بكۆڵینەوە، بە پێی قۆناغی كۆمەڵایەتی و جۆری كۆمەڵگا و كولتوری باوی كۆمەڵگا.

پێشی وایە هەردوو جۆری توندوتیژی ( دەرونی، جەستەیی) دەگەڕێنەوە بۆ سێ پۆلە هۆكاری سەرەكی وەك هۆكارە كۆمەڵایەتیەكان، كە خۆی لە جیاوازی لە پرۆسەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی و دروستبونی كەسایەتی هەر لە تەمەنی منداڵیدا و خۆبەستنەوە بە هەندێك دابونەریتی كۆمەڵایەتی و كولتوری دا دەبینێتەوە. بە شێوەویەك كە ڕەگەزی نێر(پیاو) فێری هێز و چاونەترسی و گرتنەدەستی دەسەڵات دەكەن، لەبەرامبەر ئەوەشدا ئافرەت فێری بەپاشكۆ بوون و گوێڕایەڵی ڕەها و خۆبەكەمزانی دەكەن، كە ئەمەش دواجار ڕێگا خۆشكەرە بۆ ئەوەی ڕەگەزی نێر ڕەفتارێكی دژایەتی هەبێت و هەمیشە توند بێت، لە بەرامبەریشدا ئافرەت كەم توانا و بێهێز بێت. سەرەڕای پشتگیریكردنی دابونەرت و كولتور و هەندێك تێكستی بێ بنەما بەناوی ئاین. وە هەروەها توندوتیژی لە چوارچێوەی هۆكارە دەرونیەكان، زۆرجار وەك

وەڵامدانەوەیەکە بۆ هەموو ئەو فشار و نائومێدیانەی کە تاکەکان دوچاری دەبنەوە لە کاتی مامەڵکردنیان لە گەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی تیایدا دەژن. لە گەڵ چەندین هۆکاری تری ئابوری کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە دروستبون و دەرکەوتنی دیاردەی توندوتیژی لە ناو خێزاندا هەیە.

لەبارەی ڕێوشوێنی چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە، جەختی کردەوە لە سەر ئەنجامدانی هەڵمەتی هوشیارکردنەوە دەربارەی گرفتەکە و شوێنەوارە خراپەکانی و ئەو ئەگەرە ترساکانەی دروستیان دەکات لە نێو خێزاندا، و هەموارکردنی هەندێك تێکستی یاسایی و گۆڕینیان بە یاسای نوێ کە ڕێگە بگرێت لە ئەنجامدانی توندوتیژی، و دروستکردنی دەزگا و ڕێکخراوەی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی ئەم دیاردەیە، و هاندان و ڕێنوێنی کردنی گەنجان لە بارەی شێوازی هەڵبژاردنی هاوسەر و ژیانی هاوسەرێتی.

( ڤیان لەتیف) توێژەری کۆمەڵایەتی لە نووسینگەی سۆرانی مافی مرۆڤ، لەم بارەیەوە گوتی: بەداخەوە دیاردەی توندوتیژی بە شێوەیەکی زەق لە نێو زۆربەی هەرە زۆری خێزانەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەدی دەکرێت، بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوە لەم بارەوە ئەنجام بدرێت.

لەبارەی هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە جەختی لە سەر سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا کردەوە، پێی وابوو کە بەهۆی باوکسالاری سیستەمەکە، کە تیایدا گرنگی بە ڕای بەرامبەر نادات و پیاو بە حوکمی ئەو هێزە کولتور ی و فیزیکیەی هەیەتی، هەڵدەستێت بە سەپاندنی ڕای خۆی بە سەر گشت ئەندامانی خێزان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی لە نێو خێزاندا، دواجار لەم دۆخەدا زیاتر ئافرەت و منداڵان زەرەرمەند دەبن. لە بارەی هۆکارە ئابورەیەکانیش جەختی کردەوە لە سەر ڕۆڵی خراپی گوزەران و باری ئابوری خێزانەکان و بە فاکتەرێکی گرنگی دەزانێت لە هێنانەدی توندوتیژی، بەتایبەتیش کاتێك دیاردەی بێکاری و هەژاری لە زۆربەی خێزانەکانی ئێمەدا بونیان هەیە، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر لایەنی دەرونی ئەندامانی خێزان بەجێدێلێت و ڕەنگدانەوەی دەبێت بەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەندامانی خێزان. سەبارەت بە کەمکردنەوە و نەهێشتن و چارەسەری ئەم کێشەیەش گوتی: پێویستە بەجیددی هەوڵبدرێت بۆ بڵاوکردنەوەی هوشیاری کۆمەڵایەتی لە نێو تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵ. وەك ڤیان بۆی دەچێ بڵاوکردنەوەی ئەم هوشیاریە، پێویستە بە پاڵپشتی دەرەنجامی چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی و لە ڕێگای هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەنجامبدرێت و هەوڵبدەین لە شوێنی سیستمی باوکسالاری و دکتاتۆری، کە لە نێو خێزانەکانی کورددا بونی هەیە، سیستمی دیموکراسی و ئازادی و ڕێزگرتن لە ڕای یەکتری جێگیر بکرێت. لە گەل ئەوەی کە پێویستە لە سەر حکومەت و دامەزراوەکانی هەوڵی جیددی و بەرنامەڕێژ بدەن بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە.



(هیشام محمد) وەك گەنجێك پێی وایە چەندین هۆکاری ناوەکی و دەرەکی لە پاڵ دیاردەی توندوتیژی نێو خێزان هەن، کە گرنگترینیان کەمی هوشیاری و ژینگەی کۆمەڵایەتیە. ئەو گوتی: بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەکەمان، کۆمەڵگەیەکی پیاو سالارە و پیاو خۆی سەرۆکی خێزانە، زۆربەی توندوتیژیەکانیش لەمەوە سەرچاوە دەگرن، لە گەڵ بارودۆخی ئابوری و خراپی ئاستی گوزەران و هەژاری کە بەهەمان شێوە هۆکاری سەرەکین لە ڕودانی توندوتیژی خێزانی. هەروەها دەڵێ: هەندێك لە پیاوان لە دەرەوە، لە دەرەنجامی ماندوێتی و نەبونی کار و ڕێزگرتن، دووچاری جۆرێك لە بارگرژی دەرونی دەبنەوە، بۆیە کاتێك دەگەڕێنەوە ماڵ بە شێوازی جۆراوجۆر و هەندێك کات لە ڕێگای توندوتیژیەوە گوزارشت لە ماندویەتی و حاڵەتی دەرونی خۆیان دەکەن. لە گەڵ ئەوەی کە چەندین دابونەریتی کۆمەڵایەتی هەن، ڕێگا بە پیاوان دەدەن بە توندوتیژی ڕەفتار بکەن لە گەڵ ژن و منداڵەکانی لە کاتی هەڵەکردنیان. بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخەش ناوبراو جەختی لە سەر ئەوە کردەوە، کە پێویستە هەریەکە لە ژن و پیاو و منداڵەکان لە چوارچێوەی خێزاندا، هوشیار بن بە ماف و ئەرکەکانیان، و باوەڕیان بە گرنگی ممارەسەکردن و بەپراکتیککردنی ئەم مافانە هەبێت، چونکە هەندێك لە پیاوان باوەڕی خۆیان لە بارەی یەکسانی ژن و پیاو و بە تەندروست مامەڵەکردن لە ناو خێزاندا دەردەبڕن، کەچی لە پاڵ ئەمەدا و بە هۆی ئەو پەروەردە و ژینگە کۆمەڵایەتیەی تیایدا ژیاون، ناتوانن دەستبەرداری شێوازی مامەلەکردنی توندوتیژ ببنەوە.

( کانیاوە جەوهەربەکر) قوتابی زانکۆ، وای دەبینێ کە توندوتیژی لە نێو زۆربەی خێزانەکانی ئێمەدا بونی هەیە و زۆربەی ئەندامانی خێزان ڕۆژانە دوچاری توندوتیژی دەبنەوە. ئەو گوتی: ڕێژەی زۆری ئەم توندوتیژیەش بۆ کۆمەڵێك هۆکاردەگەڕێتەوە، لەوانە کەمی هوشیاری ئەندامانی خێزان و خراپی باری ئابوری و سیاسی و نەبونی کیانی سیاسی و ناسەقامگیری بارودۆخی کوردستان و دووچاربونەوەی خەڵکی بە شەر و ڕاوەدونان و لێدان و هەڕەشەکردن لەلایەن حکومەتەکانی عێراق و ململانێی سیاسی نێوان پارتە سیاسیەکانی کوردستان. سەرەڕای ئەوەی لە کۆمەڵگای خۆمان خودی خێزان خۆی دەسەڵات بەهاوسەنگی لە نێوان تاکەکانی دابەشناکات، هەمیشە ڕەگەزێك ( نێر ) یاخود چەند کەسێك باڵادەستن و دەسەڵاتیان بە سەر ئەوانی تر دەبێت. ئەمەش لە ژێر کاریگەری کولتوری پیاەسالاری و دابونەریتەکان، کە هەمیشە جەخت لە سەر باڵادەستی رەگەزی نێر و گەورە دەکەنەوە لە ناو خێزاندا، منداڵ و ژنانیش بە بەردەست و پلە دوو دەزانن. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە زۆربەی قوربانیانی ئەم دیاردەیە لە ناو خێزاندا یا منداڵانن یاخود ژنان. (کانیاو) گوتی: تەندروست نەبوونی پرۆسەی هاوسەرگیری لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، یەکێکی ترە لە فاکتەرە گرنگەکانی ڕودانی ئەم دیاردەیە، چونکە بنەماکانی هاوسەرگیری سەرکەوتوو ،کە خۆی لە (لەیەکتر تێگەیشتن و یەکتر قەبوڵکردن و خۆشەویستی و پێکەوە ژیان) دەبینێتەوە، بەشێوەیەکی زۆر کەم لە بەر چاو دەگیرێن، بەڵکو بەشێکی زۆری هاوسەرگیریەکان لە سەر بنەمای ویستی پێکەوەنانی خێزان و فشاری کۆمەڵگا و بەتاڵکردنەوەی ئارەزوە سێکسیەکان ئەنجام دەدرێن.

( شوان رەشید ) توێژەری کۆمەڵایەتی لە بارەی ئەنجامدەرانی توندوتیژی و جۆری ئەو کەسانی دەبنە قوربانی ئەم دیاردەیە گووتی: ڕەنگە دەستنیشانکردنی هەموو ئەوانەی مومارەسەی توندوتیژی دەکەن زۆر ئاسان نەبێت، وەك ئەوەی بڵێین ئەنجامدەری



توندوتیژی بەزۆری پیاوانن یان شتی لەو بابەتە.. بەڵام ڕەنگە لە ڕێگای تێڕوانینمان بۆ ڕەهەندەکانی توندوتیژی، بتوانین پەنجە بخەینە سەر بەشێکی گەورەی سیفاتەکانی ئەوانەی توندوتیژی ئەنجامدەدەن. ئەو لە ژێر ڕۆشنایی تێڕوانینی (ڕۆبەرت ئۆدی) بۆ توندوتیژی، کە پێی وایە توندوتیژی بریتیە لە هێرش وخراپەکردن بەرامبەر کەسێك چ بە شێوەی ماددی یا مەعنەوی بێت، مانایەك بۆ هێز لە نێو پڕۆسەی توندوتیژی دەدۆزێتەوە. بۆیە دەکرێت بڵێین ئەوەی توندوتیژی ئەنجامدەدات لە بەرامبەر قوربانییەکەدا هەست بە هێز و دەسەڵاتێك دەکات و باوەڕیشی بە بەکارهێنانی ئەو هێزە هەیە. واتا ئەوانەی توندوتیژی بەکاردەهێنن بەهێز و ئەوانەی توندوتیژیان لە بەرامبەر بەکاردەهێنرێت بێهێزن. ڕەنگە ئەم هێزە جەستەیی بێت وەیا سیاسی یا ئابوری یانیش ئاینی و کۆمەڵایەتی، رەنگە بەشێك لەوانەی توندوتیژی ئەنجام دەدەن، ئەو کەسانە بن کە نەخۆشی دەرونیان هەیە یاخود ماددە بێهۆشکەرەکان بەکاردەهێنن.

سەبارەت بە بەشی دووەمی ئەم پرسیارە کە تایبەتە بە قوربانیانی توندوتیژی، شوان وای بە باش دەزانێت، کەئاماژە بە دوو چەمك بکات، ئەوانیش (قوربانی توندوتیژی) و ( توندوتیژی بەرامبەر کراو). پێی وایە کە دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەوانەی دەبنە قوربانی و ئەوانەش کە ڕوبەرووی توندوتیژی دەبنەوە، چونکە ڕەنگە لە نێو خێزاندا ئافرەتان زۆربەی توندوتیژیەکانیان بەرامبەر بکرێت، بەڵام بەتەنها ئافرەت قوربانی نیە، بەڵکو هەموو تاکەکانی ناو خێزان بەشێکی گەورەی قوربانیەکانی توندوتیژی ناو خێزانن.

# ڕۆشنبیریی سێکسی

## لەنێوان ئارەزووە تاکەکەسیەکان و چەمکە زانستیەکاندا

د. ڕێدار محەمەدەمین*

قسەکردن لەسەر سێکس مەسەلەیەکی شەرم نییە، بەڵکو کارێکی سروشتیە بۆ مانەوەی ژیان و پێویستە بۆ مانەوی توخمی مرۆڤ. هەندێك لە پیاو و ئافرەتان پێیان وایە، سێکس کارێکی پیس و ناوازە، ئەم بۆچوونەش ژیان تەسك و ناشیرین دەکات، لە ڕێگای خەفەکردن و پشت گوێ خستنی داواکاریەکانی سێکس، کەوا هۆکارێکن بۆ ناتەبایی لە ژیانی هاوسەریەتیدا، چونکە ئەو ئافرەتەی ڕقی لەکاری سێکسە ئافرەتێکی ئارەزوومەند نییە و هەست بە شادی ناکات، هەمان شت بۆ پیاوێك، کەوا بە چاوێکی قێزەوەن سەیری سێکس دەکات و پێی وایە ژن هێنان گرفتێکە لادان لێی نییە، لە هەمان کاتدا ناتوانێت تەبایی ڕۆحی و عەقڵی بکات لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، بۆیە هەرگیز هەست بە هێمنی و ئارامی ناکات، کەوا لە بنەڕەتدا ژیانی هاوسەرێتی بۆ ئەوە دانراوە، جگە لەوەش ڕێگەگرتن لەم پاڵنەرە سێکسیانە و وەلامدانەوەی بە ڕێگای نادروست هۆکارن بۆ چەندین نەخۆشی دەروونی و جەستەیی[1].

لە ژمارە (1)ی گۆڤاری (کۆوار) بابەتێك بلاوکرایەوە، بەناونیشانی "سەیرکردنی فیلمی سێکسی زیان و دەرهاوێشتەکانی" کە تێیدا خۆی لە قەرەی ڕۆشنبیریی سێکسی دەدات. هەرچەندە ناونیشانەکە باسی زیان و دەرهاوێشتەکانی دەکات، کەچی لە ئەنجامی خوێندنەوەی ڕیپۆرتاژەکەدا دەردەکەوێت، کە خەڵکێکی زۆر سەیرکردنی ئەم فیلمانە بە کارێکی دروست و بە بەشێك لە ڕۆشنبیریی سێکسی دەزانن!

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆشنبیریی سێکسی بابەتێکە بە وتارێك و دووان کۆتایی نایەت، بەلام گەر بەراستکردنەوەی چەمکە نادروست و شێوازە پراکتیکیە هەڵەکان دەست پێ بکەین، پێمان وایە وەك سەرەتایەك کارێکی گرنگ ئەنجام دەدەین، بەتایبەت پاش ئەوەی سەرنجماندا هەموو ڕۆشنبیری سێکسی ئەو کەسانە لە سەیرکردنی فیلمی سێکسی دەست پێدەکات!

### سەرەتایەك بۆ ئارەزووەکانی مرۆڤ:

زۆرجار مرۆڤ بەوە پێناسە دەکرێت، کە بریتیە لە کۆمەڵێك ئارەزوو (غرائز)، ئارەزووەکانی مرۆڤیش بەشێوەیەکی گشتی دەکرێنە دووبەش، ئارەزووە پێویستیەکان (بنەڕەتیەکان) کەوا مرۆڤ ناتوانێت بێ ئەوان بژیت، وەك خواردن و خواردنەوە و نووستن..هتد، ئارەزووە جوانکاریەکان، کە دەکرێت بۆماوەیەك دوابخرێت، وەك کڕینی جل و بەرگی جوان، شوێنی نیشتەجێ بوون، سەفەرکردن،.... هتد، سێکسیش لە ئارەزووە جوانکاریەکانە کە بواری دواخستنی هەیە. ئەبراهام ماسلۆ[2]، کە زانایەکی دەروونناسی ئەمریکیە، ئارەزووەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی هەرەمی دادەنێت لە بنکەی هەرەمەکە، چەند پێداویستییەکی فیسۆلۆژی هەیە، وەك برسی بوون، تێنوبوون،...هتد، پاش ئەمە پێداویستیە ئەمنیەکان دێن، وەك هەستکردن بەئاسایش و بەرقەرابوونی، هەروەها دوورکەوتنەوە لە مەترسی، لەپاش ئەمیشەوە هەستکردن بە خۆشەویستی و ئینتمابوون دێن، هەرەمەکە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە ترۆپك، کە لەوێ چەمکی بڕوا بەخۆبوون و لەخۆڕازی بوون هەیە و بریتیە لە ناسینی ئەرك و مافەکانی تاك و بەدیهێنانیان و



تەواوکردنی خاسیەتەکانی خود، ئەگەر لەم هەرەمە ووردبینەوە دەبینین شوێنێکی ئەوەندە تایبەت بۆ سێکس دانەنراوە، بەلام دەتوانین بڵێین لە پەیژەی سێهەم دوای پێداویستیە فسیۆلۆژی و ئەمنیەکان، ئینجا مرۆڤ بیر لە خۆشەویستی و سێکس دەکاتەوە. کەواتە سێکس ئارەزوویەکە لەدوای دابینکردنی ئارەزووە بنەڕەتیەکان دەبێتە پێداویستی مرۆڤ. لەلایەکی ترەوە ئارەزووەکانی مرۆڤ بنەڕەتی بێت یان جوانکاری پێویستیان بەڕام بوون (ترويض) و زاڵبوون بەسەریاندا هەیە، هەروەك دکتۆر (ئۆستاس چیسەر) کە پزیشك و لێکۆڵەرەوەیەکی ئینگلیزیە دەڵێت ((پێویستە ئەوە بزانین کەوا ژیانی سێکسی نابێت سەربەست بێت، هەروەها نابێت ژیانی سێکسی مرۆڤ بە ژیانی ئاژەلان بچێت، چونکە ژیانی سێکسی مرۆڤ پێویستی بە بەشداربوونی هەردوو ڕەگەز هەیە. نەك هەر لایەنی جەستەیی بەڵکو لایەنی ڕۆح و عەقڵیش))[3] لێرەدا دەتوانین بڵێین کرداری سێکسی، کردارێکی جەستەیی ڕووت نییە، بەڵکو هاوبەشی سۆز و خۆشەویستی تێدایە، ئەویش لە ڕێگای هۆشەوە بە هەردووکیان دەتوانن کردارێکی سێکسی سەرکەوتوو بە ئەنجام بگەیەنن، بەلام لاسەنگ کردنی هاوکێشەکە بەلای هەریەکیانەوە تەواوی ئارەزووکە دەشێوێنێت.

ئەو کەسانەی کە بانگەشە بۆ بالابوونی ڕۆح و دوورکەوتنەوەی لەهەر کردارێکی قێزەوەنی وەك سێکس دەکەن (وەك ڕاهیب و ڕاهیبەکانی مەسیحیەت) ئەوا هەرگیز لە سروشتی مرۆڤ تێنەگەیشتوون، بۆیە هەردەم لەژێر فشاری ئارەزووەکانی جەستەدان و هۆشیش ناتوانێت تا ئەبەد ئەم فشارە پشت گوێ بخات، ئەوانەش کە هیچ سنوورێك بۆ ئارەزووە لەبن نەهاتووەکانی

مرۆڤ دانانێن و دەڵێن با جەستە هەرچی ئارەزوویەتی بیکات، دووبارە لە سروشتی مرۆڤ و بالأبوونی بەسەر ئاژەڵانی دیکە تێنەگەیشتوون. چونکە تێرکردنی ئارەزوو بەبێ دانانی سنوور، جگە لە تووشبوون بە چەندین نەخۆشی زایەندی (جنسی) وەک سفلس و گونوریا و ئایدز و ... هتد، مرۆڤ تووشی چەند نەخۆشی دەروونی دەکات. ئارەزووەکانی مرۆڤ لە بن نایەن، وەلأمدانەوەیان بەم شێوەیەش مرۆڤ دەخاتە گێژەڵوکەی لەناوچوون، ئەمەش هەر تەنها بۆ سێکس راست نییە، بەڵکو بۆ زۆربەی ئارەزووەکانی مرۆڤ وەک ئەو خۆشەویستیەی ئاکامەکەی شێت بوونە، ئەو خودایەرستیەی ئاکامەکەی بێ باوەڕی یان شێت بوون و گۆشەگیر بوونە، خواردن و خواردنەوەی زۆر کەوا تووشی لەناوچوون و هیلاکەت بوونە، ئەمانە هەمووی نموونەی وەلأمدانەوەی جەستەن بۆ ئارەزووەکان، بەلأم بەبێ بەشداربوونی هۆش. کاتێک هیچ رۆڵ بۆ هۆش نامێنێتەوە، جەستە هەموو سنوورەکان دەبەزێنێت و بەدوای تێربوونێک وێڵە، کە وجودی نییە! ئەگەر سنورێک هەبوایە، دەبوایە مرۆڤی رۆژئاوایی زیاتر لە هەر مرۆڤێکی تر نموونەی بالأی سێکس بێت، نەک بەم شێوەیەی ئێستا دەیانبینیت ئەوەندە بەدوای ئارەزووەکان کەوتوونە، هیچ شوێنێک بۆ ئەقڵ نەماوەتەوە، بۆیە لە سێکس کردن لەگەڵ زیاتر لە ئافرەتێک و پاشان سێکسی بە کۆمەڵ و دوایش پیاو لەگەڵ پیاو و ژن لەگەڵ ژن و لەگەڵ کەسانی نامەحرەم و ئاژەڵانیش! لە توێژینەوەیەک دەرکەوتووە لە هەر 10 خێزان خێزانێک هەیە تیایدا کاری سێکسی لەگەڵ مەحرەم دەکەن، زۆربەشیان باوک لەگەڵ کچەکەی[4]، ئەمەش لە رۆژنامەیەکی ئەمریکی بەناوی هیرالدتریبیون کە لە 1979/6/29 بلأوکرایەوە، بەتایبەتی فەرەنسیەکان پێیان باشترە پەیوەندی لەگەڵ سەگ دابکەن نەک لەگەڵ مرۆڤ، چونکە سەگ جگە لەوەی بەوەفایە، سێکسی لە مرۆڤ بەهێزترە[5]، چەندین سەرچاوەی تر ئاماژە بە ژمارەی ترسناک دەکەن، بەلأم ئەمانەمان تەنها وەک نموونە هێنایەوە. ئایا ئەم کارانە لە ئەنجامی چییەوە روودەدەن؟ خۆ لە کۆمەڵگەیەکی ئەوروپی، رۆژئاوایی، بەهیچ شێوەیەک سێکس خەفە(کبت) نەکراوە، تاکو بڵێین دەرهاویشتەی ئەوە، بەڵکو چۆنت بوێ و کەی بتەوێ سێکس دەکەیت، ئەی ئەم هەموو لادانە لە سروشتی مرۆڤایەتی بۆ؟ بەڕای من دوو هۆی سەرەکی هەیە، یەکەم: بڕوانەبوونی ئەو کەسانە کەوا ئارەزووکانی مرۆڤ لەبن نایەن، واتە هەرچەندە بتەوێت تێریان بکەیت ئەوا لە سەرەتادایت، بۆیە لە رێگایەک بۆ یەکێکی تر، لە شێوازێک بۆ شێوازێکی تر، تا لە کۆتاییدا مرۆڤ دەبێتە بەندەی ئارەزووە لەبن نەهاتووەکانی.



دووەم: پەراوێزکردنی هۆش لە کرداری سێکسی. کاتێک ئێمە باس لە هۆش دەکەین، واتە هەموو ئەو رەهەندە کۆمەڵایەتی و ئایینی و تەندروستی و داب ونەریتانە دەگرێتەوە، پەراوێز کردنیشی پەراوێزکردنی هەموو ئەوانەیە! هەروەک لەوەو پێش باسمان کرد، کرداری سێکسی لای مرۆڤ بەجیا لە گشت ئاژەڵان کردارێکی سێکسی رووت نییە، بەڵکو پێویستی بە بەشداریکردنی سۆز و خۆشەویستی هەیە، بەلأم کاتێک هیچ شوێنێک بۆ هۆش نامێنێتەوە، ئەوا جەستە بەسەر ئەقڵدا زاڵ دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی لە دەست دانی هەموو ئەو رەهەندانەی باسمان کردن، لە کۆمەڵگەی رۆژئاوایی (ئەو کەسانەی) بەدوای ئارەزووەکانی جەستەدا وێڵن هەموو رەهەندەکانی تریان لەدەست داوە. بەپێی ئامارەکان تەنها لە ئەمریکا، ساڵانە نزیکەی دووسەد هەزار لەبارچوون ئەنجام دەدرێت بۆ ئافرەتی تەمەن هەرزەکار، چەندین ملیۆن تووشی نەخۆشی ئایدز بوونە، ئایین و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانیش پێویستیان بە بەڵگە نییە، لێرەدا دوو پرسیار سەرهەڵدەدەن: ئایا ئێمە کاتێک بمانەوێت حەزە خەفە بووەکانمان تێربکەین بەبێ گوێ رایەڵی هۆش، بەچ ئەنجامێک دەگەین؟ ئەی دەکرێت ئێمە بە بەردەوامی حەزە سێکسیەکان خەفەبکەین، لە کاتێکدا ئەمە سروشتی هەموو مرۆڤێکە؟ بەر لەوەلأمدانەوەی ئەم دوو پرسیارە و لە ئەنجامی ئەوەی سەرەوە دەگەینە ئەو راستیەی، کە هۆش و جەستە دوو هۆکاری کۆنترۆڵکردنی جەستەیە، نەک بە پێچەوانەوە، هۆش بڕیار دەدات لە چ کاتێکدا جەستە پێویستی بە سێکسە.




ئەو کاتانەی کە بۆ سێکس لەبار نین لەسەر هۆش پێویستە بوارێکی تر بیبنێتەوە بۆ خەریک کردنی جەستە، تاکو کاتی گونجاو بۆ ئەنجامدانی کاری سێکسی دەبێت، گەر وانەبێت جەستە دەچێتە لوتکە و هۆشیش مالئاوایی دەکات!. مرۆڤ دەبێتە بوونەوەرێکی بێ ئیرادە و بێ بڕیار و شوێنکەوتووی ئارەزووەکانی و ناتوانێت بۆ ساتێکی کەمیش ئارام بگرێت، ئەمانە هەمووی وادەکەن بڕوای بەخۆی لە کیس بدات، چونکە هەرگیز جەستە ناتوانێت سەرکردایەتی بوونەوەرێک بکات ناوی بنێت مرۆڤ! مرۆڤی شوێنکەوتووی ئارەزووە لەبن نەهاتووەکان مرۆڤێکی وێڵە یان بەرەو وێڵی دەچێت، بەلأم خەفەکردنی سێکسیش دیسانەوە کاردانەوەیەکی دەروونی و جەستەیی لێ دەکەوێتەوە، ئێمە دەبێت ئەم چەمکە روون بکەینەوە کە ئایا سێکس ئارەزوویەکی بەردەوامە و دوای تێرکردنیش هەر لەبن نایەت، یاخود ئارەزوویەکە قابیلی تێرکردنە..؟ ئەگەر بە تێڕوانینی جەستەیی سەیری بکەین ئەوا سێکس هەردەم پێویستی بە تێربوونە، تەنانەت دوای تێربوونیش، بەتایبەتی کاتێک هەموو ئەو هۆکارانە لە ئارادان کە بەردەوام هەستی سێکسی دەوروژێنێت، تا وای لێ دێت جۆرێک لە لێراهاتن دێتە ئاراوە و دەبێتە کارێکی ئاسایی، دەرەنجام ئارەزووەکان بەرەو ئاراستەیەکی تر دەڕۆن تا دووبارە بیان وروژێنن. دکتۆر (جۆن کیشلەر) کە یەکێکە لە زانایانی دەروونناسی ئەمریکی لە شیکاگۆ دەڵێت: لە 90%ی ئافرەتە ئەمریکیەکان تووشی ساردی سێکسی بوونە و لە 40%ی پیاوان تووشی نەزۆکی بوونە، ئەمەش بەهۆی ئەو رێکلامانەی کە وێنەی ئافرەتیان لەسەرە[6]. هەروەها زانای ئایینی دکتۆر محەمەد سەعید رەمەزان ئەلبوتی لەم بارەیەوە دەڵێت " وروژاندن و هەڵکشانی ئارەزووە سێکسیەکان، ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە زۆربوونی هۆکارەکانی وروژاندن (أغراء)

وادەکات بەشێکی زۆری لە کاریگەریەکەی لەدەست بدات، ئەمەش بەهۆی زۆر تەماشاکردن، لەم بارەشدا دووبارە وروژاندن پێویستی بە هۆکارێکی ترە بۆ دووبارە کاریگەری و جولاندنی ئارەزوو، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت بێ ئەوەی سنوورێکی هەبێت، چونکە زۆر سەیرکردن وادەکات مرۆڤ بێزاربێت و داوای شتی نوێتر بکات.

هۆکارەکانی وروژاندن و ئیغراکردن لە پێشبڕکێ دەبن لەگەڵ هۆکارەکانی بێزاربوون!، ئەوانە چەندە هەبن ئەوەندە هۆکاری تر دێننە ئاراوە، پێشبڕکێیەك کە کۆتایی نییە، مەگەر بیگەڕێنینەوە سنووری سروشتیەکەی خۆی، لەو شوێنەی چێژ کۆتایی دێت. بەڵام زۆر سەیرکردن و ئەنجامدانی هەر لە سەر ڕێسای خۆی بەردەوامە، تا بگاتە لوتکەی چێژ وەرگرتن، ئەوەیەك دێتە ئاراوە پێی وایە گەیشتۆتە هەموو شتێك بە هەموو شێوازێك، بەڵام ئارەزوو هەر بەدوای شتی نوێ یە لە چێژ وەرگرتن، ئەمەش سەرەتای شێت بوونە لە ترسناکترین شێوەکانی بەسەر کۆمەڵگا و بنەماکانی ژیان بەگشتی"[7]. کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو ئامانجەی، کە ئەوەی ئێمە لێرە ناوی دەنێین خەفەکردن بریتییە لە رام کردن (ترويض)ی ئارەزووە سێکسیەکان، تاکو کات و شوێنی گونجاو دێتە ئاراوە، چونکە لە هەردوو باردا خەفەکردن (واتە بۆ کۆتا سەرکوتکردن)[8]، یان زیاد لە پێویست شوێنکەوتنی ئارەزووە سێکسیەکان دەمانگەیەنێتە هەمان ئەنجام، کە قەناعەت نەهێنانە بە تێربوونی ئارەزووەکان. ئێمە لێرەدا رووبەرووی ئەم پرسیارانە دەبینەوە، ئایا سەیرکردنی فیلمی سێکسی چەندە خزمەتی کاری سێکسی دەکات؟ یاخود، ئایا سەیرکردنی فیلمی سێکسی شێوازێکی رۆشەنبیریی سێکسیە؟. بەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە قسەی هەندێك لەو بەرێزانە دەهێنمەوە یاد، کە لە ڕیپۆرتاژەکە کردبوویان :

**لاوێك/ کە سەیری فیلمی سێکسی دەکەم تا نەگەمە ئۆرگازم هەڵناستم!**

**ئافرەتێك/ پێش ئەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەم جووت بم سەیری فیلمی سێکسی دەکەم!**

**ئافرەتێکی تەمەن 30ی ساڵ/ من پێموایە بۆ ئەو ئافرەتانەی هیچ لە سێکس نازانن کارێکی بە سوودە!**

**کوڕە لاوێکی تەمەن 23 ساڵ/ دەیان (سیدی)م لە ماڵەوە هەیە کەچی (سوود) لە سەتەلایەتیش وەردەگرم!**

**خاوەن نووسینگەیەکی ئینتەرنێت/ ئەگەر ڕێگە لەو لاوانەی کە بەمەبەستی سەیرکردنی سایتی سێکسی دێنە نووسینگەکان بگرین، ئەوا بازاڕی ئینتەرنێت زۆر دابەزین بەخۆیەوە دەبینێت!**

ئەمانە هەمووی زەنگێکی ترسناکن لە کۆمەڵگایەکدا کە لە هەموو شتێکدا دواکەتووە، خەریکە لە سێکسیش بگاتە ترۆپکی دواکەوتن!. جێگای داخە کە ئافرەتێك خۆی بە رۆشنبیر بزانێت و پێی وابێت سەیرکردنی فیلمی سێکسی تاکە سەرچاوەی رۆشنبیریی سێکسیە، لە کاتێکدا ئەم کارە لە رۆژئاواش بە ناوازە دادەنرێ[9]، هەموو کتێبەکانی نەخۆشی دەروونی سەیرکردنی ئەم فیلمانە بە کارێکی ناوازە دادەنێن، تەنانەت گفتوگۆیان لەسەر ئەوەیە، کە ئەو کەسەی تووشی گرفتی سێکسی بووە (زێدەبوونی ئارەزووی سێکسی) تا چەند بۆی هەیە سەیری ئەم فیلمانە بکات، ئایا ئارەزووەکانی دادەمرکێت یان زیاد دەبێت[10]؟ جگە لەوانەش من لە هیچ تێکستێکی نەخۆشی دەروونی نەم خوێندۆتەوە، کە سەیرکردنی ئەم فیلمانە وەك رۆشنبیری یان چارەسەر بەکارهاتبێت[11]، وروژاندنی ئارەزووی سێکسی لە رێگەی سەیرکردنی فیلمی سێکسی بۆ کەسێکی ئاسایی شتێکی نا سروشتیە، چونکە کەسی ئاسایی پێویستی بەم وروژاندنە نییە، هەمان شتیش بۆ ئەو کەسانەی تووشی گرفتی سێکسی بوونە، چونکە تا ئێستا هیچ تێکستێکی دەروونناسی باسی سەیرکردنی گۆڤار و فیلمی سێکسیان نەکردووە بۆ وروژاندن یان زیادکردنی رۆشنبیریی سێکسی، بەڵکو چەندین رێگای زانستی تر هەیە، لێرەدا کەسانێك هەن دەپرسن،



گەر ئێمە ئارەزووکانمان خەفە نەکەین و لە هەمان کاتیشدا بە سەیرکردنی ئەم فیلمە سێکسیانە ئارەزووەکانمان تێر نەکەین، ئەی چی بکەین؟ ئێمە هەروەك لەوەپێش روونمان کردەوە، سەیرکردنی ئەم فیلمانە هەرگیز ئارەزووەکان تێرناکات، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات دەیانکاتە شتێکی رۆتین و دەبێت مرۆڤ بەدوای شتی نوێتر بگەڕێت بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی، کەواتە رام کردنی ئارەزوو لە بەرەڵلاکردنی گەلێك باشترە، بەڵام سەیرکردنیش بەبێ رۆشنبیری و هۆشیاری نابێت. دەبێت ئێمە ئەم راستیە لەبیر نەکەین، سەیرکردنی فیلمی سێکسی و وەرگرتنی رۆشنبیریی سێکسی دوو شتی جیاوازن، یەکەمیان کارێکی ناوازە و دووەمیان کارێکی پێویستە. رۆشنبیریی سێکسی پێویستە لە مناڵیەوە دەست پێ بکات و هەر قۆناغێکیش چەند خاسیەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، تەنانەت ئایینی ئیسلام هانی زانینی رۆشنبیری داوە، بە پێچەوانەی ئەو بیروڕا باوەی، کە لە ئیسلامدا باسکردنی ئەم بابەتە شتێکی عەیب یاخود هەر گوناهە! هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ (ما جعل عليكم في الدين من حرج) و (يريد الله بكم اليسر و لايريد بكم العسر)، تەنانەت لە چۆنیەتی پەیوەندی سێکسیدا، دەفەرموێ (نساؤكم حرث لكم فأتوا حرثكم أنى شئتم) هەروەهاهەروەها پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ (( لاتقيعن احدكم على امراته كما تقع البهية، ليكن بينهما رسول، قيل: وما الرسول؟ قال: القبلة و الكلام)) واتە (( ئێوە وەك ئاژەڵ ئاسا سێکس لەگەڵ خێزانەکانتان مەکەن، با لە نێوانتان پەیامنێرێك هەبێت، وتیان پەیامنێر چییە؟ وتی: ماچ و قسەی خۆش)) ئەمانەو چەندین ئایەت و فەرموودەی تر باس لە سێکس دەکەن و بەڵگەی دژ نەبوونی ئەم بۆچوونەیە لەگەڵ ئایینی ئیسلام. زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوە کۆکن، کە شەرع بۆ هەندێك حاڵەتی تایبەت رێگای داوە مرۆڤ بەمەبەستی تێرکردنی ئارەزووەکانی یاری لەگەڵ ئەندامی زاوزێ بکات، کە بەخۆی لە بنەڕەتدا حەرامە، هەروەك دەڵێن ((یاری کردن بە ئەندامی زاوزێ حەرامە، گەر بۆ وروژاندنی ئارەزوو بوو لە کاتێکدا ئەم ئارەزووە دامرکاوە، بەڵام گەر ئارەزووەکان بەشێوەیەك زاڵ بوون، کە بیری مرۆڤ داگیربکەن و تووشی دڵە ڕاوکێ و کاری نا دروستی بکەن، لە هەمان کاتدا ئەگەر ئەم یاریکردنە بە ئەندامی زاوزێ، رێگایەك بوو بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکان، ئەوا ئەم کارە رێگای پێدراوە و رەنگە پاداشتی هەبێت))[12]، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ئیسلام بە شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ سێکس دەکات کە سنوری بۆ داناوە. رۆشنبیریی سێکسیش هەر لەم سنوورەوە دەست پێدەکات، رۆشنبیری سێکسی مرۆڤ فێردەکات چۆن و کەی ئارەزووەکانی تێربکات، فێری دەکات ئارەزووەکان سروشتی مرۆڤن، بەڵام بە رێسایەکی چەسپاودا دەڕۆن، چونکە بەرەڵاکردنیان مرۆڤ فێری باوەڕ بەخۆبوون و ئارامی دەکات، ئەم دوو هۆکارە زۆر گرنگن بۆ پاراستن لە نەخۆشیە دەروونیەکان، بە پێچەوانەوەی مرۆڤی شوێنکەوتووی ئارەزووەکانی، خاوەنی هیچ ئیرادە و بڕیارێك نیە و بڕواشی بەخۆی لاوازە، ئەم مرۆڤە چۆن دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئارەزووەکانی بکات و لەکات و شوێنی پێویست وەڵامیان بداتەوە[13]؟.

رۆشنبیریی سێکسی لەو خاڵەوە دەست پێدەکات، کە مرۆڤ قەناعەتی بەوە هەبێت باسکردنی سێکس

مەسەلەیەکی شەرم نییە، ڕۆشنبیریی سێکسیش کارێکی پێویستە بۆ گومڕا نەبوونی مرۆڤ لە نێوان دووڕیانی خەفەکردن و بەڕەڵاکردندا! ((زۆربەی خەڵك ڕاستیەکان دەربارەی سێکس نازانن و نازانن چۆن ڕەفتار بکەن بەرامبەر هەندێك لە هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان، لێرەدا پێداویستی پەروەردەی سێکسی و ڕێکخستنی پاڵنەرەکانی مرۆڤ و دیاریکردنی شێوازی دروست بە ڕێگایەکی هۆشداریەوە کارێکی پێویستە))[14]، پەروەردەی سێکسی لە منداڵیەوە دەست پێدەکات، کە بریتیە لە ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی زانیاری سێکسی بە شێوازێك بگونجێ لەگەڵ تەمەنیان[15] و ڕوونکردنەوەی لایەنە توێکاری و کار ئەندام زانی لاشەی مرۆڤ و دابونەریتی کۆمەڵگا و ئەو سیستەمەی پەیڕەوی دەکات، ئەم زانیاریانەش بەردەوام دەبن بە درێژایی تەمەن، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەگەڵ ئەو قۆناغە بگونجێن، کە تەمەن پێی تێپەڕدەبێت، پێویستە منداڵ زانیاری دەربارەی فسیۆلۆژی جەستەی بزانێت بەر لەماوەی هەرزەکاری، بە تایبەتی ئەو گۆڕانە زایەندیانەی وەك دەنگ گڕی و گەورەبوونی مەمك و موو لێهاتن و ...هتد، تاکو زانیاری نادروست لە دەوروبەری وەرنەگرێت کە دەبنە هۆی لادان و دڵەڕاوکێیان. هەروەها هەندێك ڕاستی هەیە لە کاتی هەرزەکاری و هەندێکی تر بەر لە هاوسەری، یان دوای هاوسەری پێویستن. کەواتە سەیرکردنی فیلمی سێکسی دوور یا نزیك پەیوەندیان بە ڕۆشەنبیری سێکسی نییە، بۆ هەر تەمەنێك یان قۆناغێکی ژیان لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1-هیچ بەڵگەیەك نییە، کە ئەم فیلمانە بۆ خزمەتکردنی ڕۆشنبیری سێکسی هاتوونەتە ئاراوە، بەڵکو هەموو مەبەستەکانیان بازرگانی کردنە بە جەستەی مرۆڤ، دابەزاندنی نرخی مرۆڤ و ڕێزنەگرتنە لە ئەندامەکانی، لەم فیلمانەدا مرۆڤ لەوپەڕی دابەزینی بەها و دابونەریتەکانە، سێکسی بە کۆمەڵ و نێر لەگەڵ نێر و مێ لەگەڵ مێ و سێکس کردن لەگەڵ کەرەستە و ئاژەڵان چۆن خزمەتی ڕۆشنبیریی سێکسی دەکات؟ ئایا بە ڕۆشنبیرکردن، بەدڕەندە کردنی مرۆڤە؟ ئەو کەناڵانە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زێدەبوون دان تۆ بڵێ ی خەڵکی خێرخواز ئەوەندە زۆربن هەر حەز بکەن پارە ببەخشن و خەڵکی فێری ڕۆشنبیریی سێکسی بکەن!.

2-هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەگەر سەیرکردنی فیلمی سێکسی بۆ ماوەیەکی کاتی ئارەزووەکان بوروژێنێت، ئەوا لەگەڵ تێپەڕبوونی کات دەبێتە کارێکی ڕۆتین و مرۆڤ بەدوای شێوازی تردا دەگەڕێت بۆ وروژاندن، ئەو ئافرەتەی دەڵێت بەر لە کاری سێکسی لەگەڵ هاوسەرەکەم سەیری فیلمی سێکسی دەکەم، دەبێت ئەو ڕاستیە بزانێت ڕۆژێك دادێت هاوسەرەکەشی لەبەرچاودەکەوێت! چونکە لەو قۆناغەدا ئەو هەست بەو ناکات، کە بزواندنی ئارەزووەکانی لە قسەی خۆش و بینینی جەستەی هاوسەرەکەی نییە، بەڵکو لە بینینی جەستەی کەسانی ترە!

3-دابەزینی بەهاکان وەك نەمانی شەرم و ڕێزنەگرتنی هاوسەر و خیانەتکردن و ڕێزنەگرتنی ئەندامەکانی مرۆڤ.

4-کاتێکی زۆر بەفیڕۆدان، ئەمەش ماندووبوونی مێشك و لەبیرچوونەوەشی لێ دەکەوێتەوە.

5-دوورکەوتنەوە لە وەرگرتنی زانست و خۆ خەریك کردن بە کارێك، کە سوود بەخۆی و کۆمەڵگە ناگەیەنێت، هەروەك خاوەن ئینتەرنێتەکە دەڵێت ((بازاڕی ئەوان بە سایتی سێکسیەوە گەرمە)).

لە کۆتاییدا من ئامۆژگاری هەموو ئەو کەسانە دەکەم، کە دەیانەوێت شتێك لە سێکس فێربن، هەوڵی خوێندنەوەی پەرتووکەکانی تایبەت بە سێکس بدەن و دووربکەونەوە لە شێوازێك، کە لە نزمترین ئاستیدا پێوەری سێکس دەکات.

*قوتابی خوێندنی باڵا



پەراوێز:

1-ژیانی سەرکەوتوو (الحياة الناجحة)، دانانی ئۆستاس چیسەر، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی وليم الميري لا 157-170

2-سەیری کتێبی Atkinson hill grad's introduction to psychiatry بکە ، لا 478.

3- (الحياة الناجحة)، لا 92.

4-الاسلام و الجنس، عبدالله ناصح علوان لا 27، هەروەها سەیری کتێبی shorter orfrd textbook of psychiantry بکە، کەوا دەڵێت ساڵانە لە 100 کەس، دوو کەس دەست درێژی سێکسی دەکرێتە سەر( زۆربەی ئەوانەش لەناو خێزاندا ڕوودەدەن، ڕێژەی دەست درێژی لێکراو بریتیە لە 3 کچ بۆ 1 کوڕ و زۆربەی دەست درێژیکەرانیش پیاون).

5-الانحرافات الجنسية عند الرجل و المرءة، د. جمال مصطفى مردان لا 81.

6-الطب النفسي فى الاسلام، د.سناء عبدالرحيم لا 151

7-الاسلام و مشكلات الشباب، د.محمد سعيد رمضان البوطى لا 37.

8-لە پێناسەی خەفەکردندا هاتووە: بریتیە لە بێزاندنی کاری سێکسی و هەستکردن بە گوناه و تاوان بۆ ئەو کەسەی ئەنجامی دەدات، مەگەر لە ڕێگەی هاوسەریش بێت.

9- سەیری کتێبی synopsis of psychiatry لاپەڕە 723 بکە، بابەتی telephone &computer scatologia

10-سەیری کتێبی shorter oxford textbook of psychiatry لاپەڕە 598 بکە، بابەتی pornography.

11-سەیری ئەم کتێبانە synopsis of psychiatry, oxford textbook, companion بکە .

12-الاسلام و الجنس، عبدالله ناصح علوان، لا34.

13-لە کاتێکدا فرۆید زۆربەی نەخۆشیە دەروونیەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ خەفەکردنی سێکسی، هۆشی مرۆڤ دابەش دەکات بۆ سێ بەش ئەو:Id،من:ego، منی باڵا:superego، لە Id دا مرۆڤ لایەنی نەستی زاڵە و دەبێ مرۆڤ یەکسەر وەڵامی داواکاری جەستە بداتەوە، ئەمەش لە منداڵیدا ڕوودەدات وەك داواکردنی خواردن و ئارام نەگرتن، داواکردنی چوونە ئاودەست لە کاتی گونجاو...هتد، بەڵام من:ego مرۆڤێکی پێگەیشتووە دەزانێت لە چ کاتێکدا وەڵامی پاڵنەرە ناوەکیەکانی دەداتەوە، وەك دواخستنی کاتی نانخواردن، داوانەکردنی شتێك لە شوێنی نەگونجاو...هتد، ئایا وەڵامدانەوەی یەکسەری داواکاریە سێکسیەکان نامانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی Id، کەواتە ئەم دژیەکە چییە لە بۆچوونەکان، بۆچی هەموو نەخۆشیەکان لە خەفەکردنی یان چاکتر بڵێین ڕام کردنەوە سەرهەڵبدەن!

14-التربيه الجنسيه، سير بيل، وەرگێڕانی محمد رفعت رمضان و نجيب اسكندر لا 5-6.

15-باسکردنی شێوازەکانی پەروەردەی سێکسی بابەتێکی دوورودرێژە و سەچاوەی زۆریش بۆ ئەم مەبەستە هەیە، کە لێرەدا جێگای باس و مەبەستی ئێمە نییە، بەڵام ئاماژەکردن کارێکی پێویست بوو، بۆ نموونە یەکێك لە کتێبەکانی بەم شێوەیە باسی قۆناغەکان دەکات (لە منداڵیەوە تا گەورەبوون):

*لەنێوان تەمەنی (7-10)ساڵیدا، منداڵ فێری ئەدەبی ڕوخسەت وەرگرتن بۆ هاتنە ژووری نووستن و فێری ئەدەب لە فێرکردنی ئەندامەکانی مرۆڤ دەکرێت.

*لە نێوان تەمەنی (10-14)ساڵیدا، تەمەنی هەرزەکاری، منداڵ لە هەموو وروژاندن و بزواندنێکی سێکسی دوور دەخرێتەوە و زیاتر فێردەکرێت خولیای وەرزش بیت.

*لەنێوان تەمەنی (14-16)ساڵیدا، کە تەمەنی باڵغ بوونە، منالّ فێری ئەدەبی پەیوەندی سێکسی دەکرێت، گەر توانای دابینکردنی ژیانی هاوسەری هەبوو.

*لە تەمەنی دوای باڵغ بوون کەوا تەمەنی گەنجیە، فێری ئەدەبی خۆ پاراستن دەکرێت، گەر توانای پێکهێنانی ژیانی هاوسەری نەبوو.


سەرچاوەکان بە عەرەبی

1-تربية النفس، د.محمد منصور.
2-الطب النفسى فى الاسلام، د.سناء عبدالرحمن.
3-الجريمة و العنف، د.خليل وديع شكور.
4-الاسلام و الجنس، عبدالله ناصح علوان.
5-مسؤلية التربية الجنسية من وجهة نظر الاسلام، عبدالله ناصح علوان.
6-أقوال شمس الحضارة الغربية من ناحية الاباحية، مصطفى فوزى غزال.
7-الانحرافات الجنسية عند الرجل و المرأة، د.جمال مصطفى مردان.
8-اخلاقنا الاجتماعية، د.مصطفى السباعى.
9- التربية العقلية، د.على عبدالحليم محمود.

سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

1-shorter oxford textbook of psychiatry 4th edition 2001.
2- Introduction to psychiatry Atkinson hill grad's 2003.
3-abnormal & clinical psychology 2003 paoul bennet. .
4- synopsis of psychiatry 9th edition 2003 KAPLAN & SADOCK.

# چوار پرسیار، چوار وەڵام

بە مەبەستی ئاشنابوونی خوێنەران بە چەند بابەتێکی پەیوەندار بە سێکس و هەندێك پرسیاری شاراوەی پەیوەست بە ژیانی نێوان ژن و پیاو، (پشووی کۆوار) هەرجارەو وەڵامی پێویستی چەند پرسیارێکی تایبەت بە کێشە سێکسیەکان دەداتەوەو ژێدەریش بۆ ئەو وەڵامانە کۆمەڵێك راوێژکارو پسپۆڕن بەو مەسەلەیە لەگەڵ سود وەرگرتن لە ئینتەرنێت.

**_ من ماوەیەکە هەست ئەکەم ئارەزووی سێکس کردنم نەماوە و هەر کاتێکیش لەگەڵ هاوسەرەکەم جووت دەبین، هەست ئەکەم تووشی دڵەڕاوکێیەکی سەیر دەبم، لە کاتێکدا هاوسەرەکەم کە پیاوێکی تەمەن (30) ساڵانەیە، خۆشەویستییێکی گەورەم پێدەبەخشێ و منیش بێ ئەندازە خۆشم دەوێ، هەنووکەش ئێجگار بێزارم لەوەی کە ناتوانم چێژ لە سێکس کردن وەرگرم و تەواو ڕەتی دەکەمەوە، جا نازانم چی بکەم؟**

* ڕەتکردنەوەی سێکس، ڕەتکردنەوەی ژیانە. ئارەزوو نەکردنی سێکسی و بێزاریت لە وەرنەگرتنی چێژ شتێکی نا تەندروستە، ئەمەش وادەکات هەست بکەم کە تۆ لە دڵەڕاوکێ دایت لە ژیانتدا و لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ژیاندا ڕابکەیت، واباشترە بەسەر ژیان هەڵبچی، ئۆتۆماتیکی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵ لەوەدا جیاوازە، کە سۆزێکی گەورەی تێدایە.. لە کاتێکدا خۆشت دەڵێیت هاوسەرەکەت خۆشی دەوێی، هەوڵبدە هەست بکەیت کە سێکس کردنی بە تەنها جووتبوونێکی فیزیایی نییە، بەڵکو خودی سۆزە دروستی دەکات، هەر کاتێکیش ئەو باوەڕەت بۆ چێ بوو، ئەگەری ئەوە هەیە ئارەزووی سێکس کردن بکەیتەوە.

**_ یەکێك لە کێشە گەورەکانی من، زوو گەیشتنە بە حاڵەتی ئۆرگایزم و زوو فڕێدانی (تۆ)یە، کە لەچەند چرکەیەك دوای جووت بوون تێپەڕناکات، ئەمەش وای کردووە کە تووشی بێزاری ببم لەگەڵ هاوسەرەکەم، کە ئەو هەرگیز لەو کاتە کەمەی من ناگاتە حاڵەتی ئۆرگایزم، ئەو کاتانەش کە بۆ ماوەی چەند رۆژێك لە جووتبوون دوور دەکەومەوە و لە پاشان جووت دەبم، خێرایی فڕێدانی (تۆ) هیچ چێژێك بە سێکس کردنمان نابەخشێ، لە کاتێکدا کە ئارەزووێکی سەیری سێکسیش لەناومدا هەیە؟**

*خێرایی گەیشتن بە (ئۆرگازم) و فڕێ دانی (تۆ)، کێشەیەکی دووبارە بووەوەیە لە مرۆڤ و فاکتەرەکانیش ئەگەر لە دیوێکدا زانستی بێت، ئەوا



لە دیوەکەی تردا خراپی تێگەیشتنە لە ماوەی سێکس کردن و چۆنیەتی سێکس کردن. بە واتایەکی تر بڵێین، پسپۆڕانی بواری سێکسی پیاو لەو مەسەلەیە کۆمەڵێك دەرمانیان داناوە، بۆ نموونە (ئەلوسترال)، کە کاریگەری و کۆنتڕۆڵی ئەو پەیوەندیە دەکات، کە لە نێوان مێشك و دەزگای سێکسی دا هەیە، ڕێگە چارەی تر هەن وەك سڕکەری (لیجنوکین)، بەڵام ئەم سێکسە وا لێدەکات بەدەربێت لە حاڵەتە سۆزداریەکان، باشترین شتیش بۆ ئەم مەسەلەیە، خۆ دوور خستنەوەیە لە بیری سێکس لە کاتی سێکسدا، ئەمەش بە ژماردنی ژمارەکان بەپێچەوانەوە لەکاتی مومارەسەکردن بۆ نموونە (100، 99، 98، 97،...هتد).

**– من ئافرەتێکم تووشی کردارێکی خراپ هاتووم، ئەویش کاریگەری و بزواندنی حاڵەتە سێکسیەکانمە لە ڕێگەی خۆ ڕووتکردنەوە و بینینی لەشم بەرامبەر ئاوێنە، ئەو خۆ ڕوتکردنەوەیە چێژێکی زۆرم پێدەبەخشێ و بۆ ماوەی چوار ساڵ دەبێت بەردەوام ئەو کارە دەکەم، لەگەڵ ئەوەش هەمیشە لە بەردەم ئاوێنە جوڵەی سێکسی دەکەم بۆ ئەوەی بچمە حاڵەتی ئۆرگازم؟**

*کاتێك تەنها بەو ڕێگەیەی خۆت باست کرد چوویتە حاڵەتی ئۆرگازم، ئەوا بەشێکە لە لادانی سێکسی و بە نەخۆشی ناوزەد دەکرێ، بە واتایەکی دیکە بڵێین، ئەگەر تۆ بەردەوام بیت لەسەر ئەو کارە، ڕەنگە کاتێك ژیانی هاوسەریت پێکهێنا کاریگەری سێکسیت لەلا دروست نەبێت، تەنها بە ئاوێنە و وەستانی تۆ و هاوسەرەکەت نەبێت لە بەردەم ئاوێنە، ئەمەشیان ترسناکە، بەڵام ڕەنگە ئەگەر بچیتە ژیانی هاوسەرێتی وئەم ڕێگایە تەرك بکەیت، بە بڕوای من چاك دەبیت.

**– پاش ساڵێك لە تەمەنی هاوسەرێتیمان، مناڵێکمان بۆ دروست بوو، لە دوای دروستبوونی ئەو منداڵە هەستم کرد ناتوانم وەك جاران لەگەڵ مێردەکەم مومارەسەی سێکسی بکەم و حاڵەتی گەیشتن بە کاریگەری سێکسی لەناومدا نەماوە و تووشی کپبوونی هەستەکانی سێکسی بووم، پاش ئەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەم هەوڵی جووت بوونماندا، هەستم کرد ئەویش وەکو جاران بایەخم پێنادات و ئەو چێژەی جارانی نەماوە، ئەگەرچی کاتێك بە تەنیا دەستکاری دەزگا سێکسیەکەم دەکەم، چێژ وەردەگرم، بەڵام لەگەڵ هاوسەرەکەم چێژ وەرناگرم، پاش ئەوەی کەوتینە گفتوگۆ لەگەڵ مێردەکەم پێی وتم، ڕەحمی ئافرەت تەنها بۆ منداڵ بوونەو پاش منداڵ بوون چێژت دەمرێ، ئێستاش تووشی حاڵەتێکی دەروونی هاتووم لەسەر ئەو مەسەلەیە، تکایە ڕێگا چارەیەك؟**

* مەسەلەی کپ بوونی سێکسی لە دوای منداڵ بوون و نەمانی حاڵەتی چێژ وەرگرتن لەو کاتەدا، هێندەی پەیوەندی بە مەسەلەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، هێندە کێشەیەکی سێکسی نییە، ئەوەش پەیوەندی بە تێگەیشتنی ڕۆژهەڵاتیانەی ئێمەوە هەیە لەسەر سێکس، کە دەزگای ئافرەتان بەس بۆ منداڵبوونە، ئەوە شتێکە لە دونیا باوی نەماوە. چونکە سێکس شتێکی زۆر بەربڵاوە و والاترە و تێگەیشتن لێ ی بۆ تەندروستی دەروونی گرنگە. ئەو تەنهایەش کە وای لێکردووی چێژ لە دەستکاری دەزگای سێکسی خۆت وەربگری، ئەوە حاڵەتێکی نا تەندروستییە و سروشتی نییە، دواجار وات لێدەکات نا جێگیریەك بۆ تۆ و بۆ مێردەکەت دروست بکات، ڕێگا چارەش ئەوەیە کە دان بەو بنێیت کە ئێوە کێشەیەکتان هەیە و بۆ ئەوەی دڵنیابیت دەزگای منداڵ بوونت تووشی گرفت نەبووە دوای منداڵ بوون، پێویستە بچیتە لای دکتۆری پسپۆر بۆ پشکنین و ئاگاداربوون، جگە لەمەش دەبێت باوەڕ بهێنیت، کە دوای منداڵ بوون چێژ وەرگرتن لە سێکس هەر بەردەوامە.

# دەرهێنەری گەورەی گەلەکەمان!



پەشێوی شاعیر ماوەیەك لەمەوپێش بۆ ئەنجامدانی کۆڕێکی شیعری میوانی زاری کرمانجی بوو، لەکاتی پێشکەش کردنی کۆڕەکە بواری نەدا جگە لە زاری کرمانجی هیچ کەناڵێکی دیکەی راگەیاندن هەواڵی کۆڕەکە بگوازێتەوە، بۆ پاساوی ئەم رێنەدانەش گوتی: وتاری میدیای کوردی لە دوو توێی خۆیدا بچوککردنەوەی مرۆڤی کوردی لە خۆ گرتووە، نزیکەی پازدە ساڵە لە جیاتی (کوردستان) وشەی (هەرێم) بەکار دەهێنن، خەریکە لە زیهنیەتی هەموو مرۆڤێکی کورددا نیشتمانێك بە ناوی هەرێم لە جیاتی کوردستان دروست دەبێ.

ئەم سەرنجەی پەشێو لەبارەی بچوککردنەوەی کورد لە وتاری راگەیاندندا،تاکە ئیشکالیەت نیە، کە دەخوازرێ قسەی لەسەر بکرێ، بەڵکو لە زۆر دیوی دیکەش تایبەتمەندی کولتوری و سیاسی و مێژویی لەمیدیای کوردی ونە، زۆر جار ناسنامە و نازناوی وا بۆ هەندێ کەسایەتی بەپڕادان دراوە، کە بەهیچ شێوەیەك ناچێتە بەری ئەو کەسەی بۆی چێکراوە.

برادەرێکی رۆژنامەنووس بۆی گێڕامەوە، کە بۆ ماوەی چەند رۆژێك بەشداری فستیڤاڵێکی رۆشنبیری کردووە و دەیگووت: بەدرێژایی سێ رۆژی فستیڤاڵ هەر پیاوی گەورەی گەلەکەمان بوو بانگهێشتی سەر تەختی شانۆ دەکرا، هەر یەکەی بەنازناوێك هەروەك: رووناکبیری گەورەی گەلەکەمان، سیاسەتمەداری گەورەی گەلەکەمان، هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان، شاعیری گەورەی گەلەکەمان، رەخنەگری گەورەی گەلەکەمان، دەرهێنەری گەورەی گەلەکەمان، رۆژنامەنووسی گەورەی گەلەکەمان ، نووسەری گەورەی گەلەکەمان و....هتدی گەورەی گەلەکەمان، ئەو برادەرە دەیگوت: هەر باش بوو کەسێکی تیرۆریستی لێ نەبوو، ئەگینا بەدوور نەبوو بە تیرۆریستی گەورەی گەلەکەمان بانگ بکرێت. ئەگەر کورد ئەم هەموو گەورەی گەلەکەمانی هەیە، دەبوایە تا ئێستا خاوەن (20) خەڵاتی نۆبڵ بێت.

چاوخشاندن بە ریزبەندی گەورەکانی گەلەکەمان بە زەقی ئەو تەوزیفە سەقەتەی راگەیاندنی کوردی دەخاتە روو، کە لە نێو تەوژمی پەیوندی و تەماس بەستنی خێرای ئەمڕۆی دونیادا بەئاسانی رەش وسپییەکان دەردەکەون،نمونەش ئەو ریسواییە بوو، کە لە هاتنی ئیبراهیم تاتلیساز دەرکەوت، بەر لەوەی تەشریف بهێنێتە کوردستان، ناوبراو لە نەزەر میدیای کوردی گۆرانی بێژی گەورەی کورد بوو، بەڵام دوای یەك دوو کۆنسێرتی چۆڵ و هۆڵ شوناسی راستەقینە ناوبراو ئاشکرابوو، کە نەك هەر هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان نیە، بەڵکو تورکی کوڕی تورکیشە.

خەریکە هەمان قەوانیش بۆ عەلی بەدرخان لێدەردێتەوە، بە دەرهێنەری گەورەی کورد دەخرێتە روو، لە کاتێکدا بە دوورونزیك ئەو پیاوە رۆژێك لە رۆژان تا کورد پێویستی پێ بوو خۆی وەك کورد نەناساندووە، قسەیەکی خێری بۆ کورد نەکردووە.

بە باڵابڕینی ئەو جۆرە نازناوانە بە بێ لێوردبوونەوە زوڵمێکی گەورەیە دەرهەق بەو کەسانەی لە تاڵی وسوێرییەکاندا بە داهێنانەکانیان روخساری چەوساوەیی کوردیان بە دونیا گەیاندوە، کە رەنگ بێت بە هۆی هەڵوێستە نەتەوەییەکانیان باجی گەورەیان دابێت و گەمارۆیان لە میدیاکان خرابێتە سەر، هەروەك گەواهیش ئاماژە بۆ وەڵامی هونەر سەلیم دەکەم، کە وێڕای ئەودەسکەوتانەی کیلۆمەتر زیڕۆ وەدەستی هێنان،بەڵام هەندێ کەناڵی عەرەب بە شۆفینیست پۆلینیان کرد،ئەمەش بە هۆی ئەو وەڵامانەوە بووە، کە لەکاتی نمایشی فیلمی (کیلۆ مەتر زیرۆ) لە فستیڤاڵی (کان) دەری بڕیبوو، ئەو کات چەند هەواڵنێرێکی عەرەب هەوڵیان دابوو گێچەڵی بۆ دروست بکەن، پێیانگوتوە: بۆچی تۆ خۆت وەك دەرهێنەرێکی کورد دەناسێنی، نەك وەك عێراقی، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ:چۆن هیچ کەسێکی فەلەستینی ئامادەنیە خۆی وەك ئیسرائیلی بناسێنێ، ئاواش من ئامادەنیم پێم بڵێن عێراقی.

کەچی عەلی بەدرخان هەر لەیەکەم رۆژی هاتنی بۆ کوردستان لە کۆنگرە رۆژنامەنوسییەکەی پاساوی بۆ میدیای عەرەب هێنایەوە و دەیگوت شەقامی راگەیاندنی عەرەبی بە رووی راستەقینەی کێشەی کورد ئاشنایە. خوێندنەوە بۆ ئینتیمای نەتەوەیی کەسانێکی وەك عەلی بەدرخان بەوە نیە کە مادامەکێ مرادخانییەکی لەبەر کرد، یانیش لاوکێکی دەروێشی عەبدی چڕییەوە ئیدی تەواو، نەوەی مقداد بەدرخانە مافی خۆیەتی پێی بڵێن هونەرمەندی بە رەچەڵەك کورد، بەڵام لەبەرامبەر یەڵماز گۆنای و هونەر سەلیم و سەربەست رەسول دەرهێنەری گەورەی گەلەکەمان نیە!!!!

**بۆتان تەحسین**



# دەبێ کەی بیبینمەوە؟

هێمن عەبدوڵلا_هۆڵەندا

چوار ساڵ دەبێ سۆرانم نەدیوە، دوایین جار کە دیتم، ئێوارەیەکی درەنگی کۆتاییی هاوین بوو، ئەو ئێوارەیە ، ئێوارەی بەر لە سەفەرکردنم بوو بۆ کیشوەری تەنهاییەکان، ئێوارەیەك بوو کە دەبوایە تێیدا هەم گەردن ئازایی لە چەند کەسێکی نزیکم بخوازم و هەمیش بەو شارەی باوەشی میهرەبانانەی بۆ خستنەرووی هەوڵەکانم کردبۆوە بێژم: شارە میواندۆستەکە .. کاتێك لێرە کەس تێکناگا، لێم زویر مەبە کە ناچاربم بەجێتبێڵم. !

*　　*　　*

یەکەمین جار کە سۆرانم دیت، چەند مانگێك دوای راپەرین بوو، ئەوکات زارۆکێکی لە پەناهەندەیی گەڕاوە بووم و قەزای سدیق یش یەکەمین شار بوو، کە لە جیاتیی عەسکەر و پاسدار، دەمدیت پێشمەرگە حوکمی تێدادەکەن.

وەبیرمە ماڵمان لە ناو لۆرییەکدا بوو و بە نێوشاردا تێدەپەڕین، کاتێك دوکان و بازاڕە تەنەکەیی و زۆر دواکەوتووەکانی قەزای (سدیق)م دیت، لە باوکم پرسی: ئەرێ باوکە.. کوردستان هەموو شوێنێکی ئاوا ناخۆشە ؟! ، ئەویش پێکەنی و گوتی: نا کوڕم ، کوردستان وڵاتێکی خۆشە. !

*　　*　　*

چەند ساڵێك دواتر، ئەو شارەی کە جاران پێمناخۆشبوو، بوو بە نشینگەی خۆم و خانەوادەکەم و شوێنێك کە هەم یەکەمین هەوڵی نووسینم تێداخستەروو و هەمیش تامی یەکەمین بوغزاندن و تۆراندنم لەسەر نووسین، تێدا چەشت .

ئەگەر سۆران بۆ هێندێك کەس، تەنێ نوایەك بووبێ بۆ پەناوەبەرهێنان لە کاتی لێقەوماندا، ئەوە بۆ من لەوە واوەتر بوو و ئەو شوێنەبوو کە تێیدا خۆم وەك مرۆڤ ناسی و زانیم وەك رۆڵەی گەلێکی مافویستیش، ئەرکی سەرشانم چییە ؟.

*　　*　　*

سۆران شاری فەرهەنگ و پەروەردە جیاوازەکانە، شارێك کە هەم کاریگەرە بە فەرهەنگی ئێرانی و هەم مۆزیکی تورکیی تێدا لێدەدرێ و هەمیش لە رێگای کتێبەکانی قوتابخانەوە، مێژووی نیشتمانی عارەبیی تێدا دەخوێندرێ!، ئەگەر دانیشتووی ئەو شارە نەبی و بە رێکەوت رێت لەوێ بکەوێ، سەرت لەو پێکهاتە هارمۆنیکەی زاراخافتنەکان سووڕدەمێنێ، کە سۆران لە خۆیدا هەمبێزی کردووە . لەوێ دەشێت خانەخوێکەت بە زاراخاوتنە باڵەکانە شیرینەکەی، سەد جار پێتبڵێ: بە خێر بێی.. سەرچاوێ برایێ خۆ!، دەشکرێت دوکاندارێکی دۆڵەمەری، بە لوتفێکی زۆرەوە بێژێ: ما پارە چییە؟.. حەز ئێکەی پارەی هەر مەدە!

*　　*　　*

خەڵکی سۆران حەزێکی سەیریان بۆ ئیش دەگەڵکردن و نێزیکبوونەوە لە ماسمێدیا هەیە، بۆیەش لە ماوەی چەندساڵی رابردوودا هەم لە نێو شاری خۆیان و هەمیش لەسەر ئاستی کوردستان، زۆر رۆژنامەڤان و نڤیسەری چەلەنگیان تێدا هەڵکەوتوو .

دوایین جار کە سۆرانم بەجێهێشت، نە هەفتینامە و گۆڤاری مانگانەی تێدا دەردەچوو، نە کردنەوەی کافێی ئینتەرنێتیش باسی هەبوو، ئێستا دوای چوارساڵ، دەبیستم ئەوانەی هەموو تێدا پەیدابوون، بۆیەش زەردەخەنەیەك دەکەم و لە ژێر لێوەوە دەڵێم: نوخشەبێت لە کتێبخانەیەکی گشتی و شتی تریش !

*　　*　　*

چوار ساڵ پێش ئێستا سۆرانم بە جێهێشت، ئەوێ رۆژێ کە خەونم بە ( بەهەشتی ماڤ مرۆڤ تێدا پارێزراو) ەوە دەبینی، بە حەسرەتەوە دەمگوت: ئای نیشتمان .. دەبێ کەی بەجێتبێڵم؟، ئێستا دوای چوار ساڵ، کاتێك بۆمدەرکەوتووە، ماڤ مرۆڤ وەك هەر کاڵایەکی بازرگانیی دیکە، دەکرێ لە هەراجخانەکانی ئەورووپادا مامەڵەی لەسەربکرێ، سەر لەنوێ روویتێدەکەمەوە و دەڵێم: ئای نیشتمان .. دەبێ کەی بتبینمەوە ؟ .

hemn_abdulla@hotmail.com

57 کۆوار